


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئۆرگانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

## ژمارە ٦٣ی گۆڤاری «ژنان»

پێرستی بابەتەکان

✦ ٣- هێژمونی فێمینیزمی ناوەندگەرا لەسەر فێمینیزمی کوردی
✦ ٥- پێویستی بەشداربوونی ژنان لە ڕیزەکانی پێشمەرگەدا هەتا ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان
✦ ١١- داگیرکاری خاک و پرس و کێشەی ژنان
✦ ١٢- شۆڕشی ژینا و دروشمی ژن، ژیان، ئازادی
✦ ١٤- چیرۆکەکانمان جیاوازن
✦ ١٦- پاپ فرانسیس و مافی دەنگدان بە ژنان
✦ ١٩- بۆچی ژنانی قەڵای دمدم خۆیان هەڵداشت؟
✦ ٢٢- ئەزموونی ڕێژیم لە کوشتنی ژینا و هەڵوێستی لە کوشتنی ئارمیتا
✦ ٢٣- مۆد یا دواکەوتوویی!
✦ ٢٤- گرینگترین دەسکەوتی شۆڕشی ژینا
✦ ٢٦- وردە سەرنجێک لە سەر کۆماری ئیسلامی و بزووتنەوەی ژینا
✦ ٢٧- بەسەرکردنەوەیەکی بەجێ
✦ ٢٨- کۆتا ماچ و ...
✦ ٣٠- کورتەیەک لەسەر ژیانی هونەریی «حەمیدە بینەندە»
✦ ٣٢- (پەتی نامووس)
✦ ٣٣- سوودەکانی پوونگە و شمڵی

بۆ پێوەندی کردن
بە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان: y.jnan.dk.@gmail.com
٠٠٩٦٤٧٥١٨٧٧٠٠٩٣
بۆ پێوەندیگرتن بە بەڕێوەبەرانی گۆڤار پێوەندی بەم ژمارەیە بگرن
٠٠٩٦٤٧٥٠٢١٣٧١٠٩

## دەستەی بەڕێوەبەریی گۆڤاری «ژنان»

بەڕێوەبەری گۆڤار: نەسرین یوسفزادە

نووسەرانی ئەو ژمارەیە

موژگان عەلیپوور
ناسک نەسیری
گەلاوێژ محەممەدی
ئاسۆ مینبەری
حەسەن حاتەمی
فەرزانە حەبیبی
نەسرین یوسفزادە
شەهلا حاجیڕەحیمی
ماریا وەیسی
شەهرام سوبحانی
تریفە فاتیحی
سوریا ڕەحیمی
جیهان بێتووشی

و... چەند هاوڕێی دیکە کە

هاوکارانی ئەو ژمارەیە:
گەلاوێژ پەیڕەوان
شاماران

کاری فەنی
دیزاینی ناوەرۆک:
نەسرین یوسفزادە
دیزاینی بەرگ
شەهلا حاجی ڕەحیمی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# هێژمونی فێمینیزمی ناوەندگەرا لەسەر فێمینیزمی کوردی



موژگان عەلیپوور

بێگومان ژینا ئەمینی تەنیا ژنێک نییە کە لەلایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی مافی پێشێل کرابێ و کۆتا کەسیش نابێ بەڵام قەتڵی حکومەتی ژینای ٢٢ ساڵە لەتاران و سەرهەڵدانی شۆرشی «ژن ژیان ئازادی» خاڵێکی وەرچەرخان لە بزوتنەوەی ژنان لە ئێران بوو و هاوکات ئەزموونێکی تری ژنانی کورد بوو لە ڕەوتی خەباتی یەکسانیخوازی و نەتەوەییدا. بە لەبەرچاوگرتنی ئەزمونی زیاتر لە یەکساڵی ڕابردوو دەبینین کە بیری تەسکی ناوەندگەرایی باڵی بەسەر هەموو جومگەکانی کۆمەڵاتیی و سیاسیی لە ئێراندا کێشاوە بە جۆرێک کە لە شۆرشی «ژن ژیان ئازادی» سەرەڕای بەشداری بەرچاوی ژنانی کورد و شوێندانەرییان لە نارەزاییەتییەکان، ژنانی ئێرانی نە تەنیا ژنی کورد و فیمینزمی کوردیان نادیدە گرت بەڵکوو بۆ دفاع لە ژینا ناسنامەی کوردیان لێ داماڵی و بێ لەبەرچاوگرتنی بواری نەتەوەیی، جوغرافیای ژیان، مێژوو، زمان و ....فیمینستە ناوەندگەراکان تەنها وەک «مەهسا» کچێکی ئێرانی کەڵکیان لەو بابەتە وەرگرت.

بەو پێیە دەتوانین بڵێین کە فیمینیستە فارسەکان لە هەوڵی سەپاندنی تاک ناسنامەیی وەک ئێرانی بوون دەدەن و وەک شاهید بووین ئێتنیکی زاڵی فارس، خەباتی ژنانی کورد دژی هەڵاواردنی ڕەگەزییان بە مەبەستی سڕینەوە و هاوئاستکردنی خەباتی مێژوویی کوردەکان بۆ مافە نەتەوەیی، ئایینی و زمانییەکانیان بەکار هێنا و کاتی شۆرشی ژینا بە بەرتەسککردنەوەی ویستەکان، مەسەلەی حیجابیان وەک داواکاری هاوبەشی تەواوی ژنانی ئێران هێنایە گۆڕێ کە پێیانوابوو کە بە چاکسازی سیاسی و دابینکردنی مافە مەدەنییەکان گەڕاندنەوەی ئازادی تاکەکەسی کێشەی خەڵک لە ئێران چارەسەردەبێ. لە بنەرەتدا ئەوان نایانهەوێ ئاڵوگۆڕێکی بنەرەتی لە ئێراندا پێک بهێنن و دان بەمافی نەتەوەکانی دیکەی ئێراندا بنێن، بەڵکوو لە فکری جێگۆرکێی دەسەڵاتن.

بەو کورتە ئاماژەیە دەبێ بپرسین کە کاردانەوەکانی ژنی کورد دەبێ چ ببن و بۆ ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ سیاسەتی یەکدەست کردن و سڕینەوەی ئەوانی دی؟

ئەگەرچی ژنانی کورد بەبەراوەرد بە ژنانی نەتەوەکانی دیکە زۆرترین بەشدارییان لە بزوتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و ڕەهەندی جیاوازەکاندا بووە و کاریگەری زۆریشیان داناوە بەڵام بەهۆی هەڵکەوتەی جوغرافیایی و ستەمی دەسەڵاتداران ئەو هەوڵانە بڵاو و پەرتەوازەبوون و خەباتەکەیان فۆرمێکی یەکدەستی نەگرتووە و ژنی کورد تا ئێستا نەیتوانیوە وێژمانێکی فیمینیستی ڕوونی ببێ، بۆیە ژنی کوردیش وێڕای خەباتی نەتەوایەتی بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازییەکان و تایبەتمەندییە کەلتووری، فەرهەنگی و ئابوری و سیاسییەکەی پێویستە پێناسەی نوێ و دروست لە فیمینیزمی کوردی بکات کە هەڵگری پێناسەی شوناسی بێ و مافەکانی دابین بکات.

نەوەتەی کورد بەدرێژایی مێژووی خۆی کاریگەری نەتەوەکانی فارس و عەرەب و... بەسەرەوە بووە و ئەوە لە بواری خەباتی یەکسانیخوازیش ڕەنگی داوەتەوە وەک لەسەرەوە باسمان کرد لەلایەک فیمینیزمی فارس لە ئێران تا ئێستاش لە هەوڵی سڕینەوەی ناسنامەیی ژنانی کورد دایە و تێدەکۆشێ بۆ فیمینیزمێکی ناوەندگەرا، لەلایەکی دیکەوە بەشێکی دی لە ژنان لە ئێران و بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەژێر کاریگەری بیری چەپدا فیمینیزمی کوردی دەخەنە پاڵ خەباتی جیهانی ژنان و بە ناوی گشتگیرکردنی ئەو پرسە، خەباتی ژنی کورد لە بیری نەتەوەیی دەسڕنەوە. وجیاوازییەکانی پشتگوێ دەخەن کە ئەو جۆرە ڕوانینەش خەساری لە بزوتنەوەی ژنی کورد داوە. بۆ نمونە پێشکەش کردنی خەڵاتی نۆبلی ئاشتی بە خاتوو نیرگز محەممەدی کە لە بنەرەتدا لە جێی خۆیدا نەبوو چون بە هەزاران زیندانی سیاسی کورد لە ئێراندا هەن کە زۆر زیاتریان حوکم پێدراوە، زێنەب جەلالیان نمومەی ئەو ژنانەیە، لە ڕوویەکی دیکە کە چاو لە هەڵسوکەوتەکانی خاتوو نیزگز بکەن لە درووستکردنی دێکۆمێنتاری دوو ساڵ پێشی لەسەر دۆخی زندانیانی سیاسی کە کاریگەری زۆری دانا بۆ ناساندنی خۆشی، ناوی یەک زندانی سیاسی کورد ناهێنێ لە حالێکدا لەو کاتەدا باسی زیندانیکردن و حوکمی ناڕەوا لەسەر مامۆستا زارا محەممەدی و موژگان کاووسی باسێکی گەرم بوون، لەپاش پێدانی خەڵاتەکەش میدیایەکی بەهێزی لە پشت بوو تا چەند و چۆنیەتی ئەو خەڵاتە هەڵسەنگێنێ و ڕومالی بکا. بەپێچەوانەکەشی لە بەخشینی خەڵاتی ساخارۆف بە ژینا ئەمینی نە ئەو پاڵپشتییە میدیاییە هەبوو نە پشگیری خوشکانی فارس.

کەوایە ژنی کورد دەبێ وشیارانە لەو پێوەندییە هەنگاو بنێن و کاتێک باس لە فیمینیزمی کوردی و خەباتی ژنانی ڕۆژهەڵات دەکا بە ڕۆحێکی کوردستانییەوە لە بابەتەکە بڕوانێ.

کەوایە بەو ئەزمونانەی هەمانە دەبێ هەوڵی زیاتر بدەین بۆ درووست پێناسە کردنی و خۆمان وسڵ نەکەینەوە لە خستنەڕووی جیاوازییەکانمان لەگەڵ ژنانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران، چون لە ڕاستیدا ئەوەی سنووری نێوانمان دیاری دەکا هەمان جیاوازی مێژویی تێکۆشان، زمان و کەلتوور و...نەیە. ئەوەش بەو مانایە نییە کە ژنی کورد بەتەنیا پێیوابێ دەتوانێ لە ئێران خەبات

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



بۆ نەهێشتنی هەڵاواردنی ڕەگەزی بکات، بەڵکوو پێویایە کە بە ناسین و ڕێزگرتن لەو جیاوازییانەی ژنانی نەتەوەکانی ئێرانە کە ئاسۆی خەباتی ژنان لە داهاتووی ئێراندا ڕوون دەبێ.

چون ژنی کورد خەباتەکەی تەنیا یەکسانیخوازی نەبووە و مەسەلەی شوناسخوازی هەمووکات بۆی بابەتێکی سەرەکی خەباتەکەی بووە و پێیوایە کە تا سەروەری نەتەوەیی نەبێ وەک ڕەگەزیش مافەکانی دەستەبەر نابێ. کەواتە خەباتی ڕزگاریخوازی و یەکسانیخوازی بۆ ژنی کورد لێک گرێدراون و زۆر جاران کار لێکدەکەن. نمونەی بەرزی ئەو خەباتە شۆڕشی ژینا بوو بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ڕەهەندەکانی هەر لە کوشتنی ژینا تا هاتنە مەیدان و پێشەنگایەتی ژنان، ئەکتی هاوکاتی شوناسخوازی و یەکسانیخوازی بوو. دیتمان بەو دیدە و بەو پێناسەیەیەکە دەتوانێ زەمانەتی بنیاتنانی حکومەتێکی دیموکراتیک لە ئێراندا دەکا.

هەر لەسەرەتای هاتنە سەرکاری ڕێژیمی ئێران کوردیان وەک مەترسییەک بۆ هەڵوەشانی قەوارەی ئێران دیوە بۆیە سیستمی سیاسی ئێران لە زۆر بوار هەوڵی سڕینەوەی شوناسی نەتەوەی کوردی لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە داوە و بۆ ئەو بابەتەش سەرمایەی زۆری داناوە بەڵام لە بەرانبەردا کۆمەڵگەی مەدەنی بەرپەچی سیاسەتە دژە کوردەکانی داوەتەوە و بە دامەزراندنی ڕێکخراو و کۆمەڵەی جیاواز خزمەتی بەرچاویان بە کۆڵەکەکانی شوناسی نەتەوەیی کردووە کە ژنانی وەک مامۆستا زارا محەممەدی و مۆژگان کاووسی و فەریدە وەیسی نمونەی زیندووی ئەو ژنانەن کە ئەرکی زۆری پاراستنی ئەو شوناسەیان هەڵگرتووە و تێچووی زۆریشیان بۆ داوە هەر بۆیە جارێکی تر و لە بنیاتنانی دەسەڵاتێکی دیکە لە ئێراندا ئەو هەڵاواردنانە قەبوڵ ناکەن و بێ شک مۆرکیان بەڕووداوەکانی داهاتودا دیارتر دەبێ، هەر وەک لە دوایی سەرهەڵدانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا شاهیدی بووین.

لەگەڵ ئەوەی ژنانی کورد لە چوارچێوەی ڕێکخراو و حیزبدا و چ وەک تاک ڕۆڵی باشیان گێڕاوە بەڵام بە هەموو ئەو هۆکارانەی باسکران ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە کە تا ئێستاش ژنانی ناوەندگەرا تا ئاستێک مەیدانداری ئەو پرسە بە تایبەت لە ئاستی جیهانیدا دەکەن. ئەرکی سەرشانی ژنی کوردە کە هاوکات لە ئیدامەی شۆڕشی ژینا بە ناسنامەی کچێکی کوردەوە کار بۆ بەرەوپێشبردنی بکا و هەم بتوانێ پێوەندی خۆی لەگەڵ ژنانی نەتەوە جیاوازەکان قوڵتر بکاتەوە و ڕۆحی هاوکاری لە نێویاندا بەهێزتر بکا تا بتوانێ ئاسەواری هێژمونی دەسەڵاتی زاڵ لەسەر ژنانی ئێران کەم بکاتەوە.

لەبیرمان بێت کە شۆڕشی ژینا گەلێک دەسکەوتی هەبوون کە بەرزبوونەوە وشیاری سیاسی نەتەوەکان یەکێک لە خاڵە بەرچاوەکانی ئەو دەسکەوتانە بوو کە دەکرێ لەو سۆنگەیەوە ژنی کوردیش دۆستی خۆی ببینێتەوە و نەیارانی کەمتر بکاتەوە، دیدی دونیای نێونەتەوەیی بە نیسبەت پرسی ژنان لە ئێران ئاڵوگۆڕی زۆری بەسەر داهاتووە کە ئەوەش دەتوانێ دەرفەتێک بێ تا ژنانی کورد هاوکات لەگەڵ مەسەلەی ستەمی ڕەگەزی، ستەمی نەتەوەییش بێننە گۆڕێ چون ئەو بابەتە بۆ ژنانی کورد ئاوێتەی یەکن.

بەڵام بۆ چڕترکردنەوەی ئەو هەوڵانە و پێکهێنانی گوتارێکی هاوبەشی ژنانی کورد سەرەتا پێویستە کە ڕێکخراوەکانی ژنان ئاستی پێوەندی و کاری هاوبەشیان لەو پێوەندییە پەرە پێبدەن چونکە بەداخەوە لە شۆڕشی ژینا ئەو ڕۆڵەی کە بە هاوبەشی دەبوو بیگێڕن و یەکگرتووانە دەنگی ژنانی شەقام بن لە ئاستی جیهانیدا، نەیانتوانی و ئەمەش بۆخۆی خەسارێکی ترە.

بابەتێکی دیکە قوڵبوونەوە بۆ چەقی خەباتی خۆمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە ڕووداوەکان لەوێ ڕوودەدەن و لەوێش چارەسەر دەکرێن. دیاربوون و ڕێبەری کردنی سەرهەڵدانەکان لەلایەن ژنان و دروشمەکانی شۆڕشی ژینا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەسن بۆ سەلماندنی ئاستی وشیاری خەڵک و دیتنی ئەو هێز و پۆتانسییەلە کە پێماندەڵێ نەسلێکی نوێ بۆ گۆڕانکاری لە ئێراندا لەسەر خەتن. نمونەی زیندوی ئەوانەش گوشارەکانی ڕێژیمە بۆ سەرچاڵاکانی مەدەنی لە ماوەی ڕابردوودا کە هەرکام بە بیانوویەک و بە وەپاڵنانی تۆمەتێک حوکمی نارەوای بەسەردا سەپاندوون کە لە ڕاستیدا بۆ کپکردنی ئەو دەنگە ئازادیخوازانەیە.

بەو ئاوردانەوەیە لە شۆڕشی ژینا و خەباتی ژنان لەو پێوەندییەدا دەبێ بڵێین کە تێکۆشانی ژنان لە ئێران و بەتایبەت لەڕۆژهەڵاتی کوردستان چووەتە قۆناغێکی نوێوە کە پێویستە ژنانی کوردیش بە خوێندنەوەی سەردەمیانە و واقعبینانە، یەکگرتوانە بەرەو پێشەوە هەنگاو هەڵگرن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پێویستی بەشداربوونی ژنان لە ڕیزەکانی پێشمەرگەدا هەتا ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان

دیمانە:
شاماران

**(وەک دەزانین کە کۆماری ئیسلامی ئێران لە دو چەمکی ژن و پێشمەرگە بەتایبەت لەم دواییانەدا کە لە شۆرشی ژینا واتە شۆرشی ژن، ژیان، ئازادی دا روونتر دەرکەوت کە لە هەموو شتێک زیاتر لێ دەترسێ و دەتوانین بلێین کە پایەکانی لەرزاندووە، جا ئەگەر ئەو دو چەمکە بەیەک بگەن، بۆ ئەو دەوڵەتە دەیان بەرابەر مەترسیدارترە. لە ٤دەیەی ڕابردوودا لە نێو هێزی پێسمەرگەی دێموکرات و زۆر لە حیزبەکاندا هەبوون ژنانێک کە پێشمەرگە بوون و تەنانەت گیانی خۆشتان لەم ڕێبازەدا بەختی ڕزگاری گەلەکەیان کردووە. بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز رۆژی پێشمەرگەی کوردستان لەلایەن گۆڤاری «ژنان»ەوە هەڤپەیڤینەکمان لەگەڵ چەند خاتوونی پێشمەرگەی دێرین دەبێ.)**

**١- پێم خۆشە پێش ئەوەی کە دەست بە گفتگۆکەمان بکەین لە زاری خۆتان، خۆتان بە خوێنەرانی ئێمە بناسێنن، لەگەڵ ئەوەی کە چەند ساڵە پێشمەرگەن و چۆن بوو کە بڕیارتاندا ببن بە پێشمەرگە؟**

**کوبڕا ئەحمەدپوور:**

من ناوم «کوبرا ئەحمەدپور»ە خەلکی شاری «شنۆ»م و ١٧ ساله پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانم. لە ڕێگای هاوسەرەکەمەوە ئاشنا بە حیزبی دێموکرات بووم و پێم خۆش بوو منیش هەر وەکوو برا پێشمەرگەکان ڕۆلم هەبێ لە شۆرش و خەباتی نەتەوەکەم و نیشتماندا .بۆیە بریارم دا ببم پێشمەرگە.

**مەهتاب خزری:**

پێشەکی ڕێزو سلاوم هەیە بۆ خوێنەرانی گۆڤاری ژنان

من مەهتاب خزری ساڵی ١٣٥٨ لەبنەماڵەیەکی پێشمەرگە لەدایک بووم. بابم پێشمەرگە بوو ئێمە وەک بنەماڵەی پێشمەرگە سەختی و نەهامەتی زۆرمان بینی بەتایبەت کە بابم شەهید بوو بۆ هەمیشە لە ناز و نیعمەتی باب بێبەش بووین. بویە هەموو ئەوانە بوونە پاڵنەر بۆ ئەوی کە من ببم بە پێشمەرگە و دژی ئەو هەموو ناداتپەروەریە بجەنگم .

ئەو کات لەماڵی ئێمە هەمیشە ڕادیۆی حیزب مان دەگرت و زۆر بیرم لەوە دەکردەوە کە پێوندی بگرم و کار بکەم بەڵام نەمتوانی بۆیە بریارم دا بێمە ناوریزەکانی حیزب و ببمە پێشمەرگە.

زستانی ساڵی ١٣٨٠ بوو کە لەگەڵ خوشکێکم (سنوور) هاتین بۆ نێو حیزب و تا ئیستا بەردەوامم.

**گوڵاڵە محەممەدزادە:**

پێش هەموو شتێک گەرمترین پیروزبایی بە بۆنەی ئەو ڕۆژە پیرۆزەوە واتە ڕۆژی پێشمەرگە و ئاڵای کوردستان لە هەموو کادروپێشمەرگەکانی حیزب خەڵکی تێکۆشەری کوردستان دەکەم.

من گوڵالە محەممەدزادە خەڵکی ناوچەی سەقز، لەبنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر پەروەردە بووم ساڵی ١٣٦٠ کاتێک برایەکم بە ناوی توفیق محەممەد زادە شەهید بوو هۆگری من زیاتر بە لای پیشمەرگەوە بوو دواتر خۆم لەساڵی ١٣٦٨ لە ناوخۆی کوردستان بوومە ئەندامی نەهێنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ماوی سێ ساڵ لەوێ کارم کرد. پاشان لەساڵی ١٣٧١ هاتمە دەرەوە و ژیانی هاوبەشم لە گەڵ پێشمەرگەیەکی تێکۆشەر «برایم چووکەڵی» پێک هێناوە. دەمێک بوو ئەو هەستە لەدەڵی من دابوو کە چەکی پێشمەرگە لەشان بکەم لەسالی ١٣٨٤ بەفەرمی وەک پێشمەرگە چەکی حیزبی دێموکراتم لەشان کرد وهەروەها لەمووشەکبارانی ١٣٩٧ لە قەڵا بە سەختی بریندار بووم و برایەکی دیکەم لە شەڕی باشێک لای موسڵ بە ناوی رسووڵ محەممەدزادە لەساڵی ١٣٩٥شەهید بوو. ئیستاش وەک کادرێک لە بەشی ئیدارەی ناوەندی پەروەردە کار دەکەم.

**مەحبووبە ئیبتکار:**

پێشەکی سلاو وڕێزم هەیە بۆ خوێنەرانی گۆڤاری ژنان وهەروەها دەستەی بەڕێوەبەری گۆڤارەکە و ئێوەی بەڕێزوخۆشەویست هیوادارم سەرکەوتووبن و پەنجە بخەنە سەر ئەو کێشە و ئاریشانەی لە نێو کومەڵگەدا هەن و دەبنە هۆی پێشێل کردنی مافی، ژنان بنکۆڵ یان بکەن وڕێگاچارەیەکی گونجاویان بۆ پەیدابکەن.

من مەحبووبە ئیبتکار خەڵکی شاری سەقزم و کادری حیزبی دیموکراتی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



**کوبڕا ئەحمەدپوور**

کوردستانی ئێران و ئەندامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانم .

ئەگەر باس لە چۆنییەتی بڕیاردانم بکەم بۆ پێشمەرگایەتی هەر لەسەرەتای گەنجیم کە هەستم کرد لە دەورووبەرم چی ڕوو دەدات پێشمەرگایەتی بوو بە ئاوات و ئامانجم زۆر حەز و خولیام هەبوو ببم بە پێشمەرگە بە هۆی ئەوەی من لە ناوچەیەک ژیانم دەکرد بەردەوام تێکهەڵچوون هەبوو لە نێوان حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران ئەوە بووە هۆی ئەوەی کە من زووتر هەست بەو چەوساندنەوەیە بکەم و بیر لەوە بکەمەوە پێویستە کارێک بۆ گەلەکەم بکەم کە لەو وەزعە نەجانی ببێت من پێم وابوو ئەرکی هەرتاکێکی کۆمەڵگەیە بە پێی توانای خۆی لەو خەباتە بەشدار بێت . دەستم بە چالاکی کرد بە هۆی ئەوەی من کادری دەرمانی و سەربە مەرکەزی بێهداشتی دەرمانی بووم کەوتمە بەرچاو و دیدی دەست و پەیوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی بەتایبەت حەراسەتی مەرکەز بێهداشت زەخت و گوشارەکانیان دەستی پێکرد و پەرەی سەند لەلایەن حەراسەتی زانکوی علوم پزشکی کوردستانەوە بانگ کرام بۆ کۆتا جاریش لە دادگای ئینقلابی هەمەدان دادگای کرام ئەو زەخت و گوشارانە بە حەدێک گەیشت ژیانم لە کوردستان کەوتبووە مەترسیەوە بۆ کۆتا جار بانگ کرام بۆ ئیتلاعات نەچووم چوونکە دەمزانی ئەو جار نەجاتم نابێ بۆیە بڕیارم دا بیمە نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە و شەرەفی پێشمەرگایەتیم پێ بەخشرا.

**٢- دەزانین کە کۆماری ئیسلامی ئێران لە دو چەمکی ژن و پێشمەرگە بەتایبەت لەم دواییانەدا لە هەموو شتێک زیاتر دەترسێ و دەتوانین بلێین کە پایەکانی لەرزاندووە، جا ئەگەر ئەو دو چەمکە بەیەک بگەن، وەک پێشمەرگەیەکی ژن چەندە هەبوونی ژن لە ڕیزەکانی پێشمەرگە بە پێویست دەزانن؟ خەبات کردن شان بە شانی پیاوان قورسە؟**

**کوبڕا ئەحمەدپوور:**

بەبڕوای من هەبوونی ژن لەهەر سازمان و ڕێکخراو دا ڕۆڵێکی تایبەتی دەگێرێ بەتایبەت لەنێو شۆڕشە کوردیەکان جێ پەنجەیەکی دیاریان هەبووە و لە خەبات کردن دا شان بە شانی پیاوان لە مەیدان دا بوونە. هەر بۆیە بونی ژن کاریگەریەکی بالای هەیە لەسەر کۆمەڵگەی کوردستان، هەر لەبەر ئەمەیە ڕێژیمی ئێران لە بوونی ژن دەترسێ.

مەهتاب خزری:

هەبوونی ژن لەنێو شۆرش دا لە چەند لاوە گرینگی خۆی هەیە بۆیە کۆمار ئیسلامی زۆری لێدەترسی

یەکەم: یاساکانی کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەک ژن بێ ماف، دەستەمۆ و چاولەدەست دەکەن بۆ ئەوەی ئەو دەوڵەتە بەبوونی ژنی نائاگا و کۆمەڵگەی نائاگا باشتر دەتوانێ حوکمی خۆی بکات. بۆیە کە ژنان لە شۆرش بەشدار بن کاریگەریان لەسەر کۆمەڵگە دەبێت و ئاگایی دەدات بە تاکەکانی کۆمەڵگە.

دووم: کۆماری ئیسلامی هەمیشە کاری لەسەر ئەوە کردووە و دەکات کە ژن وەک بونەوەرێکی لاواز و جێی بەزەیی نیشان بدات کە دەبینێ ژنی کورد نەک لاواز نییە و بگرە زۆر ئازایانە لەبەرنبەر ستمکاری ڕادەوەستێ و بۆتە نموونە بۆ ژنانی ئێران وەک بینیمان لە شۆرشی ژینادا ژنان توانیان هەیمەنەی کۆماری ئیسلامی بشکێنن. بێگومان ئەوانە هەر وا دروست نەبووە ئەوە خەباتی چەندین ساڵەی ژنان بووە کە ژنانی بەو ئاستە لە ئاگایی و بوێری گەیاندووە.

سێیەم: لەنێو خودی شۆرش هەبوونی ژنان زۆر گرینکە چونکە ئەگەر ژنان نەبن و بۆ مافەکانی خۆیان خەبات نەکەن بە دڵنیایەوە خەباتێکی یەک ڕەهەند ناتوانی سەرکەوتوو بێت.

**گوڵاڵە محەممەدزادە:**

بە بڕوای من هیچ شۆڕش و مبارەزەیەک بە بێ بەشداری ژن سەرناکەوێ، کاتێک باس لە نیوەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆمەڵ دەکەین دەبێ وەک ئەرک ژنان ئەرکی خۆیان لە کۆمەڵگەدا بەڕێوەبەرن، وزایفی پێشمەرگە لەهەلەمەرجی ئێستا دا جیاوازە، ئەو ئەرکەی دەکەوێتە سەرشان لەهەلومەرجی ئێستا لە هی پیاوان قورستر نییە، دبێ ژنان خۆیان بگۆڕن، گۆڕین بە واتای شان وەبەردان وەک پیاوان، ڕاستە لەباری جسمانییەوە لەوانەیە پیاو بەهێزتر بێ، ئەوە بەو مانیە نییە کە ژن هیچی لەدەست نایە، بەڵکوو بە پێچەوانە ژن دەتوانێ زۆر کاری گەورەی لەدەست بێ. شۆڕشی ژن، ژیان، ئازدی، لە سەر بناغەی ژن دامەزرا، ئەوە واتایەکی گەورەیە کە بەدوای شەهیدبوونی ژینا، ژنانی بەهەستی کوردستان پێشەنگەی ئەو بزووتنەوەیە بوون. لەسەر ئەو باوەڕەم ئیرادە لە هەر زیندەوەرێک دا بێ کاری بۆ سادەیە، بەو مانایە، ئیرادە وزەت پێ دەبەخشێ، ئێستا ژن بێ یا پیاو، جیاواز نییە، گرینگ ئەوەیە تۆ چۆن کەڵک لەو ئیرادەیە وەردەگری، بۆیە ژن دەتوانێ نەک شانبەشانی پیاوان ئەرک بەڕێوە بەرن بەڵکوو دەتوانن تەنانەت ئەرکی قورستریش ئەنجام بدەن.

**مەحبووبە ئیبتکار:**

گومان لەوەدا نییە کە چەمکی ژن وچەمکی پێشمەرگە دوو چەمکی تەواو گرێ دراون چوونکە کاتێک ژنێک دەبێتە پێشمەرگە خەبات دەکات لە پێناو وەدیهاتنی مافە نەتەوایەتیی ومرۆڤایەتییەکانی. لە دیسکۆرسی کۆماری ئیسلامی دا هەمووکات بە چاوێکی کەم ڕوانیوێتیە پرسی ژن. پێی وایە ژن بوونەوەرێکی لاوازە و ناتوانێ وەک پیاو پێداویستیەکانی ژیانی خۆی دابین بکات و لە دەسەڵات و کۆمەڵگە بڕیاربدات.کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای دامەزراندنی و پاوانکردنی دەسکەوتەکانی شۆڕشی گەلانی ئێران تاکوو ئێستا کە زیاتر لە چل ساڵە دەسەڵاتی ئەو ڕێژیمەجیا لە سیاسەتی سەرکوت وهەڵاواردن زیاتر هیچ دیارییەکی بۆ خەڵکی ئێران بە تایبەت بۆ ژنان بە دیاری نەهێناوە. ڕوڵ و بوونی ژن بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە مەیدانی خەباتی ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی دا خۆی سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە ژنیش وەک پیاو دەتوانی دیفاع لە مافە ڕەواکانی بکات و هەروەها دەتوانێ ڕوانیینی پیاوسالارانە سەبارت بە پرسی ژن لە ناو کۆمەڵگەدا بگوڕێ و کاریگەری باشی لە سەر کۆمەڵگەدا هەبێ .ئەمڕۆ ژن بە بەشداری کردنی لەنێو حیزبە کوردستانییەکان لە چوارپارچەی کوردستان بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕۆژئاوایی کوردستان بەشدارییان لە شەڕی عەفرین و کۆبانی سەلماندییان ژن چەند بەهێز و بەتوانایە ئەگەر ئیرادە بکات ئەو باوەڕە لە کۆمەڵگە دروست دەکات کە ژن و پیاو هیچ جیاوازییەکیان نییە و دەتوانن شان بەشانی یەک وهاوتەریبی یەک بۆ ڕزگاری نیشتمانەکەیان خەبات بکەن و پشت و پشتیوانی یەکدی بن. خەبات شان بەشانی پیاوان بە هۆی ئەوەی ژن ئەرک و بەرپرسیارەتی زیاتری لە سەرشانە وەک دایکایەتی، ژنی ماڵ و هەروەها زۆربەی ژنەکان بۆ بژێوی ژیانیان لە دەرەوەی ماڵیش کار دەکەن. ئەگەر ژن تەنیا ئەرکی پێشمەرگایەتی لەسەر شان بێ بە بڕوای من هیچ قورس نییە و زیاتریش دەتوانن خەبات بکەن.

**٣- کاتێ باس لە خەبات و شۆرش دەرکێ ناتوانین رۆڵی ژنان لەبەرچاو نەگرین و تەنانت لە شۆرشی ژینا دیتمان کە ئەوە ژنان بوون کە پێشەنگ بوون و سەرکردایەتی شۆرشیان دەکرد، بەڵام دەمەوێ بپرسم ڕۆڵی ژنانی پێشمەرگە لە خەباتی ڕزگاری نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆن دەبینن؟ وەک پێشمەرگەیەکی ژن چۆن هەڵدەسنگێنن؟**

**کوبڕا ئەحمەدپوور:**

لەنێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا ژنان شوێن پەنجەی خۆیان دەرخستووە و لە شۆڕش و خەباتدا، بەرەنگاری زۆر تەنگ و

**گوڵاڵە محەممەدزادە**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



## مەهتاب خزری

کولتور و فەرهەنگی نیشتمانەکەمان شان بە شانی برا پێشمەرگەکان هاتونەتە گۆرەپانی خەبات و رۆڵێکی دیار و بەرچاویان هەیە. هەر بۆیە ژنانی پێشمەرگە پێویستە لەنێو شۆرش دا هەبن.

**مەهتاب خزری:**

باسکردن لە خەباتی ژن، ژنی کورد لە چەندین لاوە ستەمی لێدەکرێت بۆیە خەباتەکەی فرەرەهندە. و زۆر باش چۆتە پێش لە خەباتی پێشمەرگایەتی، کولتوری، زمانەوانی، فەرهەنگی و ژینگەیی... ژنان بە خەباتی بەردەوامیان بە دۆست و دووژمنیان سەلماند کە نەک لاواز نین بگرە ئەوانن کە دەتوانن شۆرش و کۆمەڵگە و وڵات بەرێوە بەرن .بۆیە هەموو ئەوانەم باس کرد ژنێک کە پێشمەرگەیە تەنیا چەکدار نییە. بگرە لە هەموو ئەو خەباتانەدا بەشدارە .من وەک پێشمەرگەیەک بەردەوام لە هەر بوارێک کە پێویستە و بۆم لوابێ کارم کردوە.

**گوڵاڵە محەممەدزادە:**

روانگەی من لەوانەیە جیاواز بێ تا ئێستاش کە لەگەڵ ئێوە قسە دەکەم ژنان رۆڵێکی بەرچاویان نەبووە ئەوە بەو مانایە نییە کە نەقشی ژنان بەکەم بگرم، بەڵکوو دەمهەوێ بڵێم ئەوەی وا لە توانایی ژنان دا هەیە کاری بۆ نەکردوە و خۆی بۆ ماندوو نەکردوە، کاتێک دڵێین ژن و پیاو لەکۆمەڵگەدا یەکسانن، تا ئێستا وەک شوعار بریقەی دێ، ئێستا دەبوو ژنان لە ریزەکانی حیزب بەشێکی زۆر ئەرکەکانیان لە پیاوان باشتر جێ بەجێ کردبوایە، بە بروای من ستراتیژی ژنان بۆ بەشداری خەباتی رزگاریخوازانە روون نییە، بەواتەیەکی دیکە ستراتیژی واتە گۆرین خۆت لە خەباتدا، دەبێ لەگەڵ رابردوو شەر بکەی و خوڵقێنەر و داهێنەری شتی نوێ بێ هەر لەسەر شێوازی رابردوو بەشداری کردن لە خەبات ناتوانی بۆ ژنان دەسکەوتی بەنرخی بێ. ئەگەر چالاکانە بەشداری بکەی خولقێنەری زۆر شتی نوێ دەبی. ئەگەر هەر کاتێک ستراتیژی خۆی لەخەبات دا روون کردەوە، رۆڵی ژنان پر بایخ هەڵدەسەنگێندرێ و تواناکانی ژن وەک نیوەی کۆمەڵە لە خەبات دا رۆڵی گرینگ دەگێرن.

**مەحبووبە ئیبتکار:**

بە بروای من بەشداری ژنان وەک پێشمەرگە لە مەیدانی خەبات خۆی سەلمێنەری ئەو راستییەیە کە دەتوانێ شەر بکات لە پێناو ژیان و مافەکانی و دەتوانێ لە هەموو رەهەندەکانی خەبات دا زۆر بە باشی بەشداربێ و توانا و هێزی خۆی وەگر بخات. بەشداری ئێستای ژنانی پێشمەرگە لە خەبات دا ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ ساڵانی پێشوو زۆر زیادی کردووە و هاوکاری و پشتیوانی بنەماڵەکانیان زۆر باشترە لە ساڵانی پێشوو ئێستا کۆمەڵگەی گۆرانی بەسەر هاتووە کۆمەڵگەی رۆژهەڵات کۆمەڵگەیەکی هۆشیار و تێگەیشتوو و خوێندەوارە. ئەگەر باس لە رەوت و ئاڵوگۆرە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو دواییانەی رۆژهەڵات بکەین وهەڵسەنگێنین بە بروای من لە کاتی سەرهەڵدانی شۆرشی ژن ،ژیان،ئازادی، ژینا ئەمینی، ئەگەر ئاناتۆمی ئەو شۆرشە ئانالیزە و شیکاری بکەین دەبینین ئەگەر ئەحزابی سیاسی مێشکی ئەو ئاناتۆمییە بوون ئەوا ژنان دڵی ئەو ئاناتۆمییە بوون هێز و توانا و بەردەوامیان دەبەخشێ بەو شۆرشە. سەرەرای هەموو ئەو ئاڵنگاری و بوونی داب و نەریت و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان ژنان ئالاهەڵگری خەباتێکی بوێرانەن بەدژی دیکتاتۆری ودواکەوتوویی و قارەمانانە توانیویانە بەرگری لە مافەکانیان بکەن و پێشەنگی شۆرشێکی گۆرانخواز و ئازادی خواز بن.

**٤- لە پاڵ ئەو هەموو هەوراز و نشێوەدا، ئێوە دایکیشن، کە دایکایەتیش بۆتە بەشێک لەو بەشەی ژیانتان، پێم خۆشە بۆم باسی دایکایەتی پێشمەرگەیەک بکەن؟ باسی خۆشیەکانی و سەختیەکانی؟**

**کوبرا ئەحمەدپوور:**

پێشمەرگە بوون و دایکایەتی ئەرکێکی سەختە بەڵام پیرۆزترین

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەرکە کە ژن پێکەوە ئەنجامی ئەدات. وەکو ژنێک شانازی بەخۆم دەکەم کە توانیومە درێغی لە هیچیان نەکەم.

**مەهتاب خزری:**

باسکردنی ژیانی پێشمەرگەیەکی ژن زۆر جیاو لە ژیانی ژنێکی ئاسایی هەڵبەت هەموو ئەو ژنانەی ناو شۆرش بە سەختی و نەهامەتی زۆر دا هاتون بەڵام بۆ کەسێک کە پێشمەرگە بێت چەند بەرانبەر دەبێت. بەڵێ من هەم پێشمەرگە بووم و هەم دایک و زۆر هەوڵم داوە کە بتوانم ئەرکەکانم بە باشترین شێوە لە ئەستۆ بگرم دیارە هیچ شتێک بێ کەموکۆری نیە بەڵام کە باورت بە خۆت وخەباتەکەت هەبێ ئامانجت هەبێ دەتوانی بەردەوام و سەرکەوتوو بێ. من بە بیروباوەڕێکی زۆرەوە تا ئێستاش بەردەوامم. جیا لەئەرکی حیزبی من بەردەوام لە ڕێکخراوی ژنان چالاکیم هەبووە پێموایە هەموو ژنێک دەبێ بۆ مافەکانی خۆی هەوڵ بدا بۆ ئەوەی بۆ منداڵەکانیشی ببێتە نمونەیەکی جوان دیارە لە هەموو ئەو ساڵانە دا لە پێڕاگەیشتن و پەروەردە کردنی منداڵەکانم دریغیم نەکردووە ئێستا زۆر خۆم بە بەختەوەر دەزانم کە توانیومە هەم دایک بم هەم پێشمەرگە و ژنێکی چالاک هەموو ئەوانە ئاسان نەبوون و نین، هەمیشە پێم وابووە کە ژیان بە هەموو کەندوکۆسپەکان فێرت دەکات کە چۆن بژی و ژیانت درووست بکەی، بۆیە من لە ژیانی نێو شۆرش و پێشمەرگایەتی و هاوسەرداری و دایکایەتی توانیمە هاوسەنگی ڕابگرم. بە هەموو ژنانیش دەڵێم ژیان پێویستی بە هەوڵدان بەردەوامی هەیە نابی لە ڕۆژە سەختەکان نائومێد بن. پێویستە بۆ ژیان ئامانجت هەبێ و بۆی تێبکۆشی.

**گوڵاڵە محەممەدزادە:**

بە بڕوای من وەرگرتنی دوو بەرپرسایەتی ئەرکێکی قورسە، بۆ؟ کاتێک تۆ لەمیدانی خەبات و بەربەرەکانی دای دەبێ ستراتیژی تۆ وەک دایک روون بێ، لەکاتێک دا دەزانین لەگەڵ درەندەترین ڕێژیی توتالیتێری سەردەم تێکەوتوون، ئێمە هەر وەک پێشوو درێژەمان داوە، دایک مانایەکی خۆی هەیە و پێشمەرگە واتای خۆی هەیە. لێرەدا دەبێ ستراتیژی هەر دایکێک ڕوون بێتەوە، ئەگەر وەک دایک هەڵسووکەوت دەکەی لاوازی بە ئەرکی خەباتەوە دیارە، وەک خەباتکار جووڵە دەکەی ئەرکی دایکایەتی نامێنێ. ئەگەر وەک خەباتکارێکی ڕاستەقینە بڵێم، لە هەلومەرجی سەخت و دژواردا ئەو دوانە کارێکی سەخت و دوور لە واقعییەتە، من خۆم ئەو دەورانەم تاقی کردۆتەوە کە سەختییەکی زۆرم بۆ کیشا، هۆکارەکەشی ناروونی ستراتیژی ژنان بۆ خەبات بوو، بە واتای ئەوە کە ڕێکار و بەرنامەڕێژی نەبوو. ڕوونتر بڵێم لە هەردوو بوار هێندێک جار نەمتوانیوە هەر دوو مەسئولییەت بە یەکەوە ئەنجام بدەم، کەوابوو دەبێ تەفکیکی بکەین، لە قۆناغی خەباتی چەکداری هەردووکیان سەختن، لەوانە لەئێستا دا بە پیی زرووف هەردوکیان بەیەکەوە بکرێن.

**مەحبووبە ئیبتکار:**

**دایکایەتی** لەلای من ئەرکێکی موقەدەس و پیرۆزە و بەرپرسیارتیەکی گرینگە بەتایبەت بۆ ژنێک کە پێشمەرگەش بێ دووقات سەختترە بە واتایەکی دیکە دوو ئەرکی زۆر پیرۆز و قورس و گران بۆ پێشمەرگەیەکی ژن هێز و ئیرادەی زۆری دەوێ و پەروەردە و بارهێنانی منداڵ کات و پلان و بەرنامەی دەوێ. پێشکەشکردنی سۆز و مێهرەبانی و پەروەردەکردنی بە بیر و هەزرێکی نەتەوەی کوردانە و یارمەتیدانی بۆ بەرێوەبردنی ئاستەنگەکانی ژیانی و دابین کردنی پێداویستییەکانی ژیانی لەلایەن پێشمەرگەیەکی ژن سەختە بەڵام بە بڕوای من پێویستە پێشمەرگە ببێت بە دایک چوونکە منداڵەکەی بەسوود دەبێ بۆ نەتەوە و کۆمەڵگەکەی، ئەگەر منداڵ لە دایکێکی تێگەیشتوو و پێگەیشتوو لەدایک بێت و بەدەستی ئەو دایکە پەروەردە بێت لە داهاتوودا کەسێکی بەهێز و بیرکراوە و شوێندانەر دەبێ.

**مەحبووبە ئیبتکار**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**٥- دوای ئەم هەموو ساڵە کۆڵنەدانە و سوور بوون لەسەر ڕێبازی «ئازادی کوردستان» و خەبات کردن لە دژی داگیرکاری کۆماری ئیسلامی ئێران و وەک دەزانین بەرەو ٢٦ی سەرماوەزیش دەچین کە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانە، پێم خۆشە لەم پرسیارە کراوەدا هەستی ئێوە بزانم؟ پێم خۆشە باسی هەستەکانی خۆتانم بۆ بکەن سەبارەت بەم ڕۆژە و بەو هەموو ساڵە خەباتە و کۆڵنەدانە؟**

**کوبرا ئەحمەدپوور:**

بەبۆنەی ٢٦ سەرماوەز کە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانە پڕ بەدڵ پیرۆزبایی خۆم بە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و زیندانانی سیاسی و بەتایبەت کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات دەکەم ، هیوا دەخوازم کوردستانمان ئازاد بێ و لەم ڕۆژە پیرۆزە دا بە ئاوات و ئامانجی شەهیدەکانمان بگەین.

**مەهتاب خزری:**

بە بۆنەی ٢٦ سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگە. پیرۆزبایی دەکەم لە هەموو ئەو کەسانەی کە لەو سەنگەرەدا جەنگاون و ئەو خەباتە بەبەردەوامی هێشتۆتەوە و هەم ئەو کەسانەی بۆ ماوەیەکی کەمیش پێشمەرگە بوون. دیسان جێی ڕێز و شانازین کە ڕۆژێک لە ڕۆژان چەکی بەرگری لە خاکی پیرۆزی کوردستانیان کردۆتە شان .

من کە هەم وەک ژن و وەک دایک لە ڕیزی پێشمەرگایەتی دا خەباتم کردووە و بۆ ماوەی ٢١ ساڵ لەگەڵ هاوسەنگەرانم بەردەوام بووم شانازی بە خۆم و هاوسەنگەرانم دەکەم ، من لەگەڵ کەسانێک هاوسەنگەر بووم کەهەمیشە جێی شانازین و بەداخەوە زۆر هاوسەنگەری ئازیزم لەدەست داوە لە ماوە دوور و درێژە، لەو ڕۆژە دا سەری ڕێز و ئەمەگداری دادەنەوێنم بۆ ڕوحی پاکی شەهیدان و هیوای سەرکەوتنی یەک جاری بۆ خۆم وهاوسەنگەرانم.

لە کۆتایی دا سپاسی ئێوە دەکەم بۆ بەسەرکرنەوەی من دەست خۆشی و ماندوونەبوونیتان پێدەڵێم.

**گوڵاڵە محەممەدزادە:**

لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزدا جارێکی دیکە پیرۆزبایی گەرم لە کادر و پێشمەرگە و بنەماڵەکانیان دەکەم هەروەها شانازی بەخەبات و تیکۆشان و سووربوون و خۆڕاگری کادر و پێشمەرگەی حیزبەکەمان دەکەم. ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی سڕینەوە و لەنێوبردنی دام و دەزگایەکی سەرکوتکەری حکوومەتی دیکتاتۆڕی پاشایەتی و نەمانی بنکەی زوڵم و زۆر و داسەپێنەر، کە ئاواتێکی لەمێژینەی نەتەوە چەوساوەکەمان بوو. پێشمەرگە، سوکنایی دەری هەموو ئەوانەیە کە بەدەست زۆڵم و ناعەداڵەتیی ڕێژیمەوە دەناڵێنن. پێشمەرگە بۆ نوێ کردنەوەی بەڵێنی لەگەڵ نەتەوەکەی، نەتەوەی قارەمان بێ بەشی کورد، ئەو بەڵێنییە کە لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز داویەتی تا وەدی هێنانی ئازادی بۆ نیشتمان خەبات بەردەوام دەبێت. لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز کە سروشت دەکەوێتە بەر سەرما، لە تەواوی کوردستان سەرما لەبیر دەچیتەوە چونکی ڕۆژی پارێزەری دەسکەوتەکانی کوردستانە.

پێشمەرگەی کوردستان بۆ دیفاع لە مان ومەوجوودییەتی نەتەوەکەی و بۆ پاراستنی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان، هاتۆتە گۆڕەپان و لەو ڕێگایەدا تا ئەمرۆکە، بەسەدان وهەزاران داستانی پڕ لەسەروەری و ئازایەتی، فیداکاری و لەخۆبوردوویی تۆمار کردوە کە لە مێژووی خەباتی خوێناویی نەتەوەکەماندا دەدرۆشێنەوەو دەمێننەوە. بۆیە ئەو ڕۆژەی لێ پیرۆز بێ.

**مەحبووبە ئیبتکار:**

پێشمەرگە ئەو مرۆڤە چاونە ترس و گیانفیدایەیە کە بە بەخشینی بەهاکانی ژیانی و پێشکەش کردنی گەورەترین سەرمایەی ژیانی کە گیانیەتی خەبات دەکات. پێشمەرگە تەنیا خەباتکارێک نییە کە گیانی خۆی فیدای گەلەکەی دەکات بەڵکوو پێشمەرگایەتی شێوازێکی ژیانە، ژیان بە واتای ژیانێکی سادە، بێ غەل و غەش و ڕاستگۆیانە، پاک و دۆستانە و مرۆڤ پەروەرانە، پێشمەرگە لە ڕەوتی خەباتی ئازادیخوازانەدا بووەتە هۆی خولقاندنی زۆر دیاردەی پۆزەتیف لەنێو کومەڵگەی کوردی دا، هەستی باوڕبەخۆ بوون، شکاندنی ئەو تابۆ و سنووره دەست و پێگیرانەی کە لەسەر بناغەی عەشیرەتی خێڵەکی دانراون.

پێشمەرگە ئەو مرۆڤە ئازا و بەهێزەیە کە چیرۆکی قارەمانەتی لە مێژوودا نووسراوەتەوە و تۆمارکراوە. پێشمەرگە تەنیا چەکدارێک نییە پێشمەرگە پرنسیپ و دیسپلین و ئەخلاقە کە دەیهەوێ گۆڕانکاری لە دەسەڵات و کۆمەڵگەدا بکات فەلسەفەی پێشمەرگە بناغەی لەسەر پاراستنی بە هاوکەرامەتی مرۆڤ و مافەکانیان و ڕێزگرتن لە مرۆڤ، ژیاندۆستی و ژینگەپارێزی بونیادنراوە. پێشمەرگەی شۆڕشگێڕ بۆ پاراستنی نیشتمانەکەی و گەلەکەی لە تواندنەوە لە هیچ فیداکارییەک سڵ ناکەن و پارێزگاری لە بەها وهێما و موقدەساتی گەلەکەیان دەکەن. هەستی من دوای ئەوەی کە ١٨ساڵی تەمەن و گەنجی خۆم بەخشییوە بە ڕێبازی پڕ سەروەری شەهیدان و گەلەکەم جێگای فەخر و شانازییە بۆم و هیچ کات پەشیمان نیم و سەرەڕای هەموو ئەو ناخۆشیانەی لەو ڕێگایەدا چەشتوومە لە هەموویان ناخۆشتر شەهیدبوونی هاوڕێکانمە و هەروەها فەوتی دایکم کە دڵسۆزترین کەسم کە وەک قەڵایەک لە پشتم بوو هەمووکات هاندەر و وەرەبەخش بوو. کاتێک بیر لەوەی دەکەمەوە ئەو ڕێگە سەخت و دژوار و دوور لە کەس و کار و ئازیزان و لە کەمترین ئیمکانات دا تێپەر دەکەم ئەگەر ڕۆژێک ئەو شۆڕش و خەباتە سەرکەوێ کە منیش تێیدا بەشدار بووم بە میلیونان کەس و هەروەها نەوەی داهاتووی ئەو گەلە دەتوانێ ژیانێکی شایستەیان هەبێ کە شایانی ئەوانە زۆر دڵخۆشتر و دڵگەرمم دەکات بەردەوامی خەباتە. ئەگەر هەر تاکێکی کۆمەڵگە هەست بەو بەرپرسیاریەتییە بکات و بە ئەرکی خۆی بزانێت ڕەوتی ڕزگاری نەتەوەکەمان زۆر زووتر پەرەدەسێنی و سەردەکەوێ.

لە کۆتایی دا لە ڕێگای گۆڤاری ژنانەوە بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان پیرۆزبایی لە هەموو هاوڕێیان و هاوسەنگەرانم و هەموو پێشمەرگەکانی کوردستان دەکەم هیوای ساغی و سلامەتی بۆ هەموو لایەکیان و ئاواتی زوو بە ئامانج گەیشتیان بۆ دەخوازم. سەرکەوێ خەباتی ڕەوای گەلەکەمان بە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. سپاستان دەکەم کە منتان بە سەر کردەووە و ماندوو بوون و زەحمەتەکانی منتان لە بەرچاو بوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# داگیرکاری خاک و پرس و کێشەی ژنان



ناسک نەسیری

باسکردن لە کێشە و پرسی ژنی کورد، ئەویش لە کات و زەمەنێکدا کە ژنی کورد بەهۆی خاک داگیرکراویەوە، دەستی بە هیچ شوێن و لایەنێک ڕاناگا بۆ چارەسەر کردنی کێشەکەی و گەیاندنی هاواری زامەکەی، کارێکی ڕەوا و بەجێیە، بەڵام خودی ئەم باس لێوەکردنانە، چەند سەرنجێکیان لەسەرە، هەر بۆیەش توانیویانە کەمترین یارمەتی بە چارەسەریی کێشەی ژنی کورد بدەن. هەوڵدەدەم لێرە بە کورتیش بێ، تیشکێک بخەمە سەر چەند هۆکارێک:

یەک: پێناسەی توندوتیژی و کێشەی ژنی کورد: هەتا هەنووکەش، پێناسەکان لەمبارەوە، پێناسەی کلیشەیی، سوننەتی و بە قالب و پێناسەی ئایینین. تا ئێستاش نەکراوە پێناسەیەکی دروست لە کێشەکانی ژنی کورد بکەین و لەبری ئەمە لە چوارچێوەی وشەکاندا ماوینەتەوە. لەبری باسکردن لە کێشە سەرەکیەکان، بە هەندێک پرسی وەک خەتەنەکرانەوە نووساوین کە ئیتر باویشیان نەماوە و گەلێک کە من. لەبری باس کردن لە هۆکاری سەرەکیی دەستەمۆکرانی ژنی کورد کە لامواپە پرسی ئابووری و سەربەخۆ نەبوونی ئابوورییە، باس لە فرەژنی دەکەین کە خۆی بەرکارە نەک هۆکار. پێدەچێ زۆربەی چالاکانی مافی ژنی کورد، ئەم بوارەیان بۆ دژایەتی لەتەک هەندێک ئایدیۆلۆژیا و بڕوا بینیبێتەوە و ببینن نەک هەوڵێک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ژنی کورد.

دوو: نەناساندنی دەوڵەتە داگیرکەرەکان و یاساکانیان وەک هۆکاری سەرەکیی چەوساندنەوەی ژنی کورد و توندوتیژی: بەداخەوە، لە زۆربەی لێدوان و ڕوانینەکاندا، ئەوەی دەبیندرێ، غایب بوونی داگیرکەرانی کوردستان و یاساکانیان وەک هۆکاری سەپاندن و درێژەدان بە توندوتیژی لە دژی ژنی کوردستانە. ئەوەی کراوەتە تاوانبار، پیاوی کوردە و ئەوەی هێرشی دەکرێتە سەر خودی کوردستانە. لێرەدا گومانێک ساز دەبێت کە ئایا هەوڵی سەرەکی، لابردنی توندوتیژی و تاوانە لەسەر ژنی کورد، یان هێرش کردنە سەر خودی کورد؟

سێ: هەوڵدان بۆ لێکهەڵاواردن و جیا و تەرە کردنەوەی کۆمەڵگای کوردستان لەبری برەوپێدان بە پێکەوە ژیانە. بەداخەوە، ڕەوتی بەرباس و بەرچاو، ڕەوتێکی ڕادیکاڵە کە خۆی لە لێک هەڵاواردن و لێکتری جیاکردنەوە و درز خستنە ناو ژن و پیاوی کورد دا دەبینێتەوە نەک ڕەوتێک کە فێری کورد بە گشتی و پیاوی کورد بەتایبەتی بکات کە چلۆن بەیەکەوە بژیت. ئەمە هەم فێمینیزم لارێ دەکات و هەم دژبەری زۆرتری بۆ ساز دەکات و کۆسپ دەخاتە بەر دەمی. چوار: نادیار بوونی بەستێن، مەیدان و میکانیزمی کاری کردەیی بۆ لابردنی توندوتیژی لەسەر ژن و کۆمەڵگای کوردستان: ئەم خاڵە بەڕای من گرنگترین خاڵی ئەم باسەیە. ئێمە لە هەندەران کۆدەبینەوە، سیمینار دەبەستین و قسە لەسەر ژنی کورد و کێشەکانی دەکەین. بەڵام خودی ژنی کورد لە کوردستانە و کێشەکانی لەوێن، شوێنێک کە تێیدا ئێمە هیچ دەستمان بە یاساگۆڕین و کار لەم بوارەدا ڕاناگات. دەکرا و دەکرێ هەندێک هەوڵ درابایە کە لە ناوخۆ کار بکەین. وەک ئەوەی کە هەندێک (ئێن جی ئۆ )و ڕێکخراو بە هاوکاریی ئەو ژنانە دابمەزرێنین کە لەنێوخۆ چالاکن. واتا پەنا و پشتیان بووبایەن و ببین، هەم لە ڕووی دارایی و هەم لە ڕووی بیر و بیرۆکە و ئیتر لە خودی گۆڕەپانەکەدا کار لەسەر ئەم بابەتە بکەین. سیمینار و کۆڕ و نووسراوە لە هەندەران، شتێک نییە من بێژم بێ بایەخە، نەخێر جێگای ڕێز و دەستخۆشیە بەڵام ئەمە لەگەڵ ئەوەدا کە زۆریش پێویستە بەڵام تەواو نییە. ئێمە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ نێوخۆ. لەوێ کار بکەین. لەوێ نووسراوە و بڵاڤۆک بڵاو بکەینەوە، کۆڕ ساز بدەین و ڕێکخراو دروست بکەین. ڕاستە ئێمە لەوێ نین، بەڵام خۆ پردی پەیوەندیەکان لەگەڵ نێوخۆ نەپساون. یەکێک لە سەرەکیترین کێشە و بەربەستەکانی یەکیەتیی ژنانی حیزبەکانیش کە وایکردووە نەزۆک بن، هەر ئەو کار نەکردن لە نێوخۆ بووە و هەیە. ژنانی کورد لە هەندەران، ئەگەر ئازار و زامێکیان هەبێ کە هەیانە، ڕێکخراو و سازی هەیە و دەتوانن هاواری خۆیان بگەیێنن بەڵام ژنانی نێوخۆ، چ بکەن و هاواریان بەکوێ بگەیێنن؟ لەم ساڵانەی دواییدا، چەندە هەوڵ دراوە میدیایەک لەمبارەوە ساز بکرێت؟ چەندە بڵاڤۆکی تایبەت لەمبارەوە هەبووە؟ ژنانی چالاکوان بە بەشداربووانی ئەم کۆڕەشەوە، لە دوای کۆڕەکان، چەند لەگەڵ یەکتری تەبا بوون؟ چەند پێکەوە هاوکار بوون؟ بڕیار و پێشنیارەکان چەندە خراونەتە بواری جێ بە جێ کردنەوە؟ دەکرێ بێژم نزیک بە هیچ. ڕاستیەکی تاڵ هەیە ئەویش ئەوەیە کە تا خاک ئازاد نەبێ، مرۆڤ بە گشتی و ژن بەتایبەتی ئازاد نابێت. ئێمەی خاک داگیرکراو، توانایی نووسین و گۆڕینی یاسا و ڕێسا ئایین سالارە، نێرتەوەرەکانمان نییە. بەڵام ئەوە بەو واتایەش نییە کە دەشێ واز لە کێشە و پرسێکی ژنانی کورد بهێنین و وازی لێ بهێنین، ئێزن بدەین بیانچەوسێننەوە، بەڵام میکانیزمەکانمان هەتا بە ئێستاش هەڵەن، میکانیزمی هەڵەش، ولام و دەستکەوتی هەڵەی دەبێ. ئێمە دەشێ پردەکانی پەیوەندیی و ڕایەڵەکانی خۆمان لەگەڵ ژنانی نێوخۆ ساز بکەینەوە، پتەویان بکەین و لەم بوارەشدا لە خەمی گیرفانی خۆماندا نەبین. ئێرەیی بخەینە لاوە و هاوکار و هاوهەنگاوی ژنانی وڵاتەکەمان بین.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# شۆڕشی ژینا و دروشمی ژن، ژیان، ئازادی



گەلاوێژ محەممەدی



ئەو ڕاپەرینە و ئەو هەموو نارەزایەتییە، کە ئێستا لە ئێران بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەت هەیە ئایا دەتوانین ناوی شۆڕشی ژینای لێ بنێین؟ من پێم وایە بەڵێ بەچەند هۆ/ ئارگۆمێنتەوەر دەتوانین بڵێین ئەو شۆڕشە وەک، «شۆڕشی ژینا و دروشمی ژن- ژیان- ئازادی» بۆ نارەزاییی دەربڕین بەرانبەر بە نارەوا کوژرانی ژینا بە دەستی پارێزەرانی یاسای دژە ژن لە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، وە بە پشت بەستن بە ئەزموونی ساڵها خەبات و تێکۆشان بەرانبەر بە سەرکوت و پێشێلکردنی مافەکانی ژنان بە دەستی ئەو حکوومەتە جینایەتکارە دەستی پێ کرد. کەواتە پێشەکی بۆ سەلماندی ئەوەی کە ئەو نارەزایەتییانە دەچنە نێو چوارچێوەی شۆڕشەوە با بزانین پێناسەی شۆڕش چییە؟

وەک وشە شۆڕش بە مانی گەڕانەوە لە دۆخێک ڕا بۆ دۆخێکی دیکە، ئالۆگۆڕ، یان گۆڕانێکە یان دەتوانین بڵێین دەکرێت بە ‹›گۆڕانێکی کوالیتی‹› هەژمار بکرێت. بە واتایەکی دیکە دەتوانین بڵێین هەڵگەڕانەوە و گەشەکردن. لە کۆمەڵناسیدا بە واتای گەڕانەوە بۆ دۆخێکی باش، دۆخێکی پرشنگدار یان گەڕانەوە بۆ ئازادی ونبوو، کە بەداخەوە

بە درێژایی مێژوو ئێمەی کورد بە گشتی و ژنانی کورد بە تایبەت ئەو ئازادییەمان لێ زەوت کراوە. ژنان لە ئێران ساڵهایە لە سەرەتاییترین مافەکانیان بێبەشن و بە هەموو شێوەیەک سەرکوت دەکرێن. ژنان لە کوردستان تەنها لەبەر ڕەگەزیان تووشی هەڵاواردن نەبوون و بەڵکوو بەردەوام تووشی ستەمی نەتەوەییش بوون، کە هەموو ئەوانەش کاریگەرییان لەسەر دۆخی ژیانی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتیی ژندا هەبووە و هەیە، تەنانەت لەسەر هەست و کەسایەتیشیان وەک مرۆڤێک کارلێکەریان هەبووە.

**ژنان لە کوردستان تەنها لەبەر ڕەگەزیان تووشی هەڵاواردن نەبوون و بەڵکوو بەردەوام تووشی ستەمی نەتەوەییش بوون، کە هەموو ئەوانەش کاریگەرییان لەسەر دۆخی ژیانی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتیی ژندا هەبووە و هەیە،**

کاتێک بیرمەندان لە شۆڕشی فەرەنسەدا باسی مافی سەربەخۆیی گەلان و گۆڕینی باری گوزەرانی جەماوەر بە دەستی خۆیان و ... هتدی دەکرد،کە هەرگیز پێشتر بوونی نەبووە، کۆمەڵناسان و فەیلەسووفان دەستەواژەی شۆڕشیان هێناگۆڕێ و بەو شێوەیە پێناسەیان کرد کە شۆڕش واتە ‹›گۆڕینی سروشتی شتێک.‹› پێناسەی وشەی شۆڕش لە زاراوەی جیهانیدا هەوڵدانە بۆ هەڵوەشاندنەوە یان ڕووخاندنی حکومەت و پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ، بۆ دروست کردنی گۆڕانکاری بنەڕەتی لە هەموو دامەزراوەکان و پەیوەندییەکانی نێوان پێکهاتە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ڕێکخراویەکاندا لە چوار چێوەی ئامانجێکی دیاریکراودا. لە ڕوانگەی کۆمەڵناسان هەر بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی جەماوەری کە ببێتە هۆی چاکسازی کۆمەڵایەتی گەورە یان پرۆسەی وەرچەرخان خۆی لە خۆیدا شۆڕشێکە.

کەواتە بە پێی ئەو پێناسەیە لە شۆڕش دەتوانم بڵێیم، بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونی ئەو خەباتە هەمیشەیی‌یە ژنانی کورد بەرانبەر بە هەموو ئەو زوڵمانە، بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیریان و ئاشنابوونی زیاتریان بە مافەکانیان، ژنان بوێرانە هاتنە ڕیزی پێشەوەی خەبات و بێدەنگیان شکاند. ژنان هەر لە ڕۆژی ناشتنی تەرمی ژینا لە گۆڕستانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شاری سەقز لە چوارچێوەی شۆڕشێک بە ناوی «شۆڕشی ژینا و بە دروشمی ژن ژیان ئازادی» لەچکەکانیان فڕێ دا و دەنگی نارەزایەتیان هەڵبڕی. ئەو بێدەنگی شکاندنەی ژنانی کورد بووە بە چەخماخەیەک بۆ نارەزایەتییەکانی هەموو چین و توێژەکان و هەموو ستەملێکراوەکان لە سەراسەری ئێراندا. لە راستیدا ژنانی کورد و بزوتنەوەکە بوونە چرای ڕێنوێنی ئەم شۆڕشە. بوونی ژنان بە ویستی پێشکەوتووانەوە کاریگەری لەسەر ناوەرۆکی شۆڕشەکە و دروشمەکان و داواکارییەکان دانا، بۆیە زۆر جار باس لەوە دەکرێ کە ڕاپەڕینی ئەم جارە شۆڕشێکی زۆر بێ وێنەیە و بە دڵنیاییەوە هەتا ڕووخانی ئەو ڕژیمە توتالیتارەی ئیسلامی ئێران بەردەوام دەبێت، ئەگەر بەرز و نزمیشی هەبێت.

دەکرێت داواکاری و بنەماکانی ئەو شۆڕشە بە مانای یەکلاکەرەوەی خۆی وەک ئامرازێک بۆ گۆڕینی بناغەی سیستەمی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران و تێکشکاندنی دەسەڵاتی وەلی فەقیهـ لە قەڵەم بدرێت. شۆڕشە گەورەکان ئەو شۆڕشانەن کە گۆڕانکاریی بنەڕەتیان لە حوکمڕانی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی وڵاتێک یان کۆمەڵگەیەکدا پێکهێناوە. بەدڵنیاییەوە شۆڕشی ژیناش یەکێکە لەو شۆڕشە گەورانە، کە هەموو جیهان باسی دەکات و بەهیوای زوو گەیشتن بە لوتکەی ئامانجەکانین.

ئەگەر لەم شۆڕشە یان هەر شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی و کلتووریدا، لایەنەکان و تاکەکانی بەشدار تەنها هەوڵەکەیان ئەوە بێت کە ببنە خاوەنی دروشمەکان و ناویان دەرکەوێ و نەتوانن لە تەک ناوەرۆکی شۆڕشەکەدا بێنەوە و هەوڵ بۆ ڕادیکاڵ کردنەوە و پێشکەوتووترکردنی شۆڕشەکە و دروشمەکانی بدەن لە کۆتاییدا هەم شۆڕشەکە لەبواری کاتەوە وەدواوە دەکەوێت و هەم تاک و لایەنەکان قازانجێکی لێ ناکەن. نابێ بیرمان بچێ هیچ کەس بە بیری باوکسالاری ناتوانێ خۆی بکاتە خاوەنی ئەو شۆڕشە، چونکە دروشم و خواستەکانی ئەم بزووتنەوەیە لەتەک فیکری ئەو کەسانە نایەتەوە کە هەڵگری بیری سەپێندراوی باوک یان پیاوسالار بن.

لە راستیدا هەر تاک و لایەنێک هەوڵ بۆ خۆ بە خاوەنکردن و داگیرکردنی شۆڕشەکە بدا، بێگوومان هەڵگری بیری تایبەتمەندییەکانی سیستەمی باوکسالارە. بۆیە تێگەیشتن لە ناوەرۆکی دروشمەکە یەکەمین هەنگاوە کە هەموو تاک و لایەنەکان ئەبێ هەڵیگرن.

**بوونی ژنان بە ویستی پێشکەوتووانەوە کاریگەری لەسەر ناوەرۆکی شۆڕشەکە و دروشمەکان و داواکارییەکان دانا، بۆیە زۆر جار باس لەوە دەکرێ کە ڕاپەڕینی ئەم جارە شۆڕشێکی زۆر بێ وێنەیە و بە دڵنیاییەوە هەتا ڕووخانی ئەو ڕژیمە توتالیتارەی ئیسلامی ئێران بەردەوام دەبێت، ئەگەر بەرز و نزمیشی هەبێت.**

ئەم شۆڕشە، بزووتنەوەیەکی گشتگیرە و ژنانێکی چالاک، کارامە و شوێندانەر ئەتوانن تێدا دەرکەون کە خاوەنی هزر، جەستە و بڕیاری خۆیان بن و بیسەلمێنن کە هەڵگری ئەو پێناسەیە نینە کە کۆمەڵگەی باوک / پیاوسالار بە درێژایی مێژوو بۆیانی دیاری کردووە. هەموو کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو پێویستی بە توانای گشت تاکەکان هەیە و تاکی کۆیلە و ژێردەستە ناتوانێ بۆ گەشەدان بە کۆمەڵگە کارتێکەری هەبێت. ئەم شۆڕشە هەوڵێکی هەمەلایەنەیە، بۆ لەنێوبردنی سیستەمێکی توتالیتار وەک ڕێژیمی ئیسلامی ئێران کە مافی مرۆڤ بە گشتی و مافی ژنان و کەمینەکانی بە تایبەت نەپاراستووە، حکوومەتێک کە تا سەر ئێسقان هەڵگری بیری پیاوسالاری و دژی مافی مرۆڤ بووە. ئەرکی یەکسانیخوازان و هەموو مرۆڤە پێشکەوتنخوازەکانە کە پارێزگاری لە ناوەرۆکی مافی ژنان و ئەو شۆڕشە بکەن و هەوڵی بەهێزکردنی بدەن. نابێ ڕێگە بدرێ لە ژێر هیچ پاساوێکدا پرسە گرینگەکانی کۆمەڵگە وەکوو مافی ژنان پەراوێز بخرێن.

**ئەم شۆڕشە، بزووتنەوەیەکی گشتگیرە و ژنانێکی چالاک، کارامە و شوێندانەر ئەتوانن تێدا دەرکەون کە خاوەنی هزر، جەستە و بڕیاری خۆیان بن و بیسەلمێنن کە هەڵگری ئەو پێناسەیە نینە کە کۆمەڵگەی باوک / پیاوسالار بە درێژایی مێژوو بۆیانی دیاری کردووە**


کاتێک تماشای ناوەرۆکی بزووتنەوەکە و دروشمەکان و گۆڕانکارییەکان لە سەرەتای شۆڕشەکە تا ئەمڕۆ دەکەین، هەموو شتێک وا نیشان ئەدەن کە شۆڕشی ژینا لە بواری یەکسانیخوازییەوە وەکوو زۆر بواری دیکە پڕ دەسکەوت بووە و هەر لەم ماوە کورت و پڕ ئازار و قوربانییەدا هەوڵی جددی بۆ گۆڕانکاری لە فۆرم و کولتووری زاڵی نایەکسانی دراوە. بۆ نموونە لە چلەی ژینا کاتێک لە سەقز کچان و کوڕان بە دەست لەناو دەستی یەکتر بەشدار بوون، هیچ کەس وەک جاران نەی ئەتوانی رەخنەیان لێ بگرێ و بەریان پێ بگرێ. ئێستا زۆرێک لە ژنانی ڕۆژهەڵات هەست بەو ترسە کە بە درێژایی مێژووی ئەو ڕێژیمە لە دەرەوەی ماڵەکانیان لەسەریان بووە ناکەن و ئەمە ئەکرێ بە سەرەتای شۆڕشێکی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی پێناسە بکرێ.

ژنانی ئێران بەگشتی و ژنانی ئازای کوردستان بەتایبەتی هاوکات لەتەک بەشدارییان لە شۆڕش لە دژی حکوومەتی دیکتاتۆر و داگیرکەری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران وەکوو نوێنەری بیرە دواکەوتوو و دژە ژن، شەڕیان لەتەک سیستەمی باوکسالار کردووە کە مێژووەکەی لە حکوومەتی ئێران کۆنترە. بیرمان نەچێت کە هاوکات لەتەک هەوڵدان بۆ ڕووخاندنی حکوومەتێکی دیکتاتۆری مرۆڤ کوژ و داگیرکەر دەکرێ و دەبێ پێکەوە و بە هەوڵی بەردەوامی هەموو یەکسانیخوازەکان و ئەو کەسانەی باوەڕیان بە یەکسانی و مافی مرۆڤ و پێکەوە ژیان هەیە، پەرەپێدەری شۆڕشێکی بەردەوام بین بۆ دانانی بناغەی کۆمەڵگەیەکی تەندرووست و یەکسان کە مافی هەمووان وەک یەک تێیدا پارێزراو بێت. بە هیوای سەرکەوتنی شۆڕشی ژینا و گەیشتن بە مافی نەتەوایەتی و کەسایەتیمان وەک ژنی کورد.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# چیرۆکەکانمان جیاوازن

## (لە پەراویزی بەخشینی خەڵاتی ساخارۆف بە ژینا ئەمینی و خەڵاتی نۆبێلی ئاشتی بە نەرگس محەممەدی)



ئاسۆ مینبەری

بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان مێژوویەکی دوورودرێژ و لە هەمان کاتدا پڕ هەوراز و نشێوی هەیە، وەکوو نەتەوەی کورد زۆر قۆناغی ئەستەم و تاقەتپڕووکێنمان تێپەڕاندووە و هەمیشە وەک نەتەوەیەکی مافخوراو و لە هەمان کاتدا ئاشتیخواز، هەوڵمان داوە خاک و نیشتمانی خۆمان بپارێزین، لەم پێناوەدا زۆر جار بووینەتە قوربانی و زۆر جار کەوتووینەتە بەر پەلاماری بێبەزەییانەی داگیرکەران و ئەو کەسانەی کە ئێمە بە هاوچارەنووسی خۆمانیان دەزانین!

ساڵانێکی زۆرە لەلایەن ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە ستەممان لێ دەکرێ، خاکمان داگیر کراوە و لە جیاتی خانەخوێ، وەکوو میوان لەسەر خاکی خۆمان دەژین، ئەگەر باس لە ڕزگاریی خاک و نیشتمانەکەمان دەکەین، بە تەجزیەتەڵەب ناومان لێ دەبەن و بۆ لەنێوبردنمان ئەوەی مووشەک و درۆن و چەکوچۆڵی تاقینەکراوە، بەسەرماندا دەبارێنن و دەیانەوێ بێدەنگمان بکەن.

زۆرجار باس لەوە کراوە کە بۆ دەربازبوون لە هێژموونیی داگیرکەر، ئەبێ هەوڵەکان بخرێنە گەڕ تاکوو هەموو هێزە و لایەنەکان بە کۆکردنەوەی هێز و پۆتانسییەلی خۆیان، ڕێژیمی ئێستای حاکم بەسەر ئێراندا بڕووخێنن و ژیانی ڕاستەقینە ئەزموون بکەن، بەڵام ئەوەی کە هەمیشە وەکوو خاڵی لاواز لە خەسارناسیی ئەم پرسەدا باسی لێ کراوە، نەبوونی ئاڵترناتیڤێک بۆ دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامییە.

هەر ئەم نیگەرانییە وای کردووە کە زۆربەی لایەنە سیاسییەکانی ئۆپۆزسیۆنی ڕێژیم و گرینگتر لە هەموویان کورد، هەوڵ بۆ دروستکردنی یەکدەنگی و ڕێکخستنێکی گشتی بۆ ئەو مەبەستە بدەن.

خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە بمانەوێ و نەمانەوێ، کورد لەم یارییەدا، تاکوو ئێستا براوە نەبووە. لانیکەم ئاگادارین کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆن هەوڵیان داوە تاکوو بە چوونە نێو هاوپەیمانی لەگەڵ لایەنە ئێرانییەکان، ببنە ئاڵترناتیڤێک بۆ داهاتوو، بەڵام هیچکات وڵامی ئەو دڵئاوەڵایی و گەورەیی حیزب و لایەنەکان کە نوێنەرایەتیی نەتەوەی کورد دەکەن نەدراوەتەوە.

نموونەکان زۆرن و لێرەدا ناکرێ هەموو شتێک بکەوێتە بەر باس. بەڵام بە هێنانەوەی نموونەیەک کە لەم دواییانەدا ڕووی دا دەمەوێ زیاتر بابەتەکە ڕوون بکەمەوە.

ڕۆژی هەینی ١٤ی ڕەزبەری ١٤٠٢ی کۆمیتەی خەڵاتی ئاشتی نۆبێل، نەرگس محەممەدی، چالاکی مافەکانی مرۆڤ و زیندانیی سیاسیی وەک براوەی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل بۆ ساڵی ٢٠٢٣ ڕاگەیاند.

لە ڕۆژی ١٩ی سەرماوەزدا کە هاوکاتە لەگەڵ ڕۆژی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ، ئەم خەڵاتە لە ئۆسلۆی پێتەختی نۆروێژدا، پێشکەشی ئەم زیندانییە سیاسییە کرا و بنەماڵەکەی بە نوێنەرایەتی لە خۆی خەڵاتەکەیان وەرگرت.

هەر لە ڕۆژی ڕاگەیەندنی براوەی خەڵاتەکەوە هەتا ئەو ڕۆژەی کە خەڵاتەکە پێشکەش کرا، زۆر کەس و لایەن پیرۆزباییان لە نەرگس محەممەدی کرد، سۆشیاڵ میدیا بە وێنەکانی تەنرابوو و زۆر کەس خۆشحاڵ بوون لەوەی کە نەرگس محەممەدی ئەم خەڵاتەی بردووەتەوە، و کۆمیتەی نۆبێل لە کاتی ڕاگەیاندنی براوەی خەڵاتەکەدا نووسیویەتی: دروشمی ژن، ژیان، ئازادی نیشاندەری چالاکییەکانی نەرگس محەممەدییە!

لایەنە کوردستانییەکان بە بڵاوکردنەوەی پەیامی دوورودرێژ و پێداهەڵگوتن بە نەرگس محەممەدیدا، پیرۆزبایی گەرموگوڕیان لێ کرد تا بە خەیاڵی خۆیان هاواهەنگی و هاوپەیمانەتی لەگەڵ لایەنە ئێرانییەکان بپارێزرێ و کورد وەکوو هەمیشە، بە نەتەوە باشەکە بناسرێ، ئەڵبەت ئەگەر بە نەتەوە بزانرێ!

لەلایەکی ترەوە، ڕۆژی پێنجشەممە ٢٧ی ڕەزبەری ١٤٠٢ی هەتاوی، یەکیەتیی ئورووپا، ژینا ئەمینی و بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادیی بە براوەی خەڵاتی ئازادی ئەندێشەی ساخارۆف بۆ ساڵی ٢٠٢٣ ڕاگەیاند.


ڕۆژی ٢١ی سەرماوەز بڕیار بوو ئەم خەڵاتە لە یەکیەتیی ئورووپا پێشکەشی بنەماڵەی ژینا بکرێ بەڵام، سێ ڕۆژ پێشتر، هێزەکانی ئیتلاعاتی ڕێژیم لە فرۆکەخانەدا پێشیان بە چوونەدەرەوەی بنەماڵەی ئەمینی گرت و نەیانهێشت لەم ڕۆژە گرینگەدا بەشدار بن و خەڵاتەکە وەربگرن بۆیە ساڵح نیکبەخت، پارێزەری بنەماڵەکە، بە نوێنەرایەتی لەم بنەماڵەیە، خەڵاتەکەی وەرگرت.

لە ڕۆژی ٢٧ی ڕەزبەرەوە هەتا ڕۆژی ٢١ی سەرماوەز کە خەڵاتی ساخارۆف پێشکەش کرا، قەت شەپۆلی پیرۆزباییەکان وەک پیرۆزباییەکان لە نەرگس محەممەدی نەبوو، خەڵاتی ساخارۆف پێشکەش بە کچە کوردێک کرا کە هێمای دیاری ستەمی نەتەوایەتی و ڕەگەزی بوو، کچێک کە بە بیانووی لەدەرەوەبوونی تاڵەقژەکانی _ هەرچەند ئاخرین وێنەکانی ژینای جوانەمەرگ شتێکی دیکە دەڵێن_ لە تارانی پێتەختی جەلادەکاندا کەوتە بەر لێدان و کاتێک زانییان ژینا کوردە، بێبەزەییانە گیانیان لێ ستاند! تەنانەت لایەنە سیاسییەکانیش بەو جۆرەی کە پێویست بوو و بەو جۆرە کە بۆ نەرگس محەممەدی بەپەرۆش بوون، نەیانتوانی پەیامێکی شیاوی ژینا و شیاوی ئەو هەموو خوێنەی کە لە یەک ساڵی ڕابردوودا لە شەقامەکانی کوردستاندا ڕژا، بڵاو بکەنەوە، ئەمە نەک تەنیا ڕەخنە بەڵکوو، گازندەشە، گازندە لە لاینگەلێکی سیاسی کە خۆیان بە نوێنەری خەڵک دەزانن بەڵام نەیاتوانی خاوەندارەتی لە کچەکەیان بکەن!

سەیر ئەوەیە کە تەنانەت ئەو چالاکە سیاسییانەش کە لە سۆشیاڵ میدیادا، پەیامی چەند سەد وشەییان بۆ نەرگس محەممەدی نووسیبوو، لانیکەم بە ڕستەیەکیش ئامادەنەبوون

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




پیرۆزبایی نەک لە ژینا و بنەماڵەکەی، لە بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی بکەن!

وەک بڵێی نەرگس محەممەدی لە زینداندا پەیامە پڕ لە میهرەبانییەکانیان دەبینێت بەلام بنەماڵەی ژینا نایبینن.

ئەمە بە مانای نەدیتنی هەوڵ و تێکۆشانی نەرگس محەممەدی نییە، نەرگس محەممەدی وەک سەدان ژنی تێکۆشەری دیکە شیاوی ڕێزگرتنە چونکە وەک تاکێکی ئازادیخواز، بۆ باوەڕ و ئامانجەکانی هەوڵی داوە و لەپێناویشیدا کەوتووەتە بەر پەلاماری ڕێژیمی ئێرانەوە، بەڵام کاتێک باس لە دەسکەوت و تێچووەکان دەکرێ، پرسەکە گۆڕانی بەسەردا دێت.

دروشمی ژیان، ژیان، ئازادی لە هەناوی کوردستانەوە سەری هەڵداوە، لە دوای مەرگی ژینا جارێکی دیکە ئەم دروشمە گیانی بەبەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستاندا کردەوە و هەموو خەڵکی ئێرانی لە دەوری خۆی کۆ کردەوە، گوتاری پشت ئەم دروشمە بۆ ئێمەی کورد زۆر جیاواز بوو، هەر بۆیەش دوایی لەلایەن ناوەندەوە گۆڕدرا بە «مرد، میهن، آبادی»! پرسیار ئەوەیە کە کۆمیتەی نۆبێل بەپێی چ پێوەرێک ئەم دروشمە بە نیشاندەری چالاکییەکانی نەرگس محەممەدیی دەزانێ و تاکی کوردیش شانازیی پێوە دەکات بەڵام قوربانیی سەرەکیی ڕووداوەکە کە ژینایە لەبیر دەکرێ؟!

هەموومان باش دەزانین کە لە یەک ساڵی ڕابردوودا، کوردستان زیاترین تێچووی بۆ شۆڕشی ژینا دا، بە ژن و پیاو و منداڵ و لاو و پیرەوە، هەموو هاتنە سەرشەقام تاکوو نەهێڵن خوێنی ژینا بەفیڕۆ بچێت، خواستی نەتەوەیی زەق کرایەوە و خۆپیشاندانەکان بەرەو ئاقارێک چوون کە خەڵک داوای گەڕانەوەی پێشمەرگە و ڕزگارکردنی یەکجارییان دەکرێت، بە پێچەوانە لە ناوەند، هەموو خواستەکە لابردنی سەرپۆش و ئازادیی پۆشش بوو.

خاڵی گرینگ لێرەدا خۆبەکمزانینی ئێمەی کوردە، ژینا ئەگەر کچێکی ناوەند بایە، بێگومان خەڵاتی ساخارۆف زیاتر لە خەڵاتی نوبێل گرینگیی پێ دەدرا، هەروا کە بەکارهێنەرانی تویتر لەو کاتەدا بە هاشتەگی مەهسا ئەمینی، شوناس و ناسنامەی ژینایان بەلاڕێدا برد و وەک کچێکی ئێرانی پێناسەیان بۆ کرد!

خۆبەکەمزانین لە بەرانبەر ئەوی تردا وای کردووە کە تاکی کورد، هەمیشە سەرکەوتنی ئەویترەکە زیاتر بە هی خۆی بزانێ، زیاتر شانازیی پێوە بکا و زیاتر گرینگیی پێ بدا.

ژینا نوێنەری کوردستان بوو، خاکێکی داگیرکراو کە بست بە بستی بە خوێنی ڕۆڵەکانی کوردستان سوورە، خەڵاتی ساخارۆف نەک تەنیا بۆ ژینا بەڵکوو بۆ هەموو ئەو خوێنانە بوو کە ڕژان، بەللم بۆچی تاکی کورد ئەمەی بەلاوە گرینگ نەبوو؟ ئەی ئەو هەموو دروشمە گەورە و گرانەی سەردەمی شۆڕشەکە چییان بەسەردا هات؟ بڵێی ئەوە خەڵکی ناوەند بووبێتن کە لەسەر شەقامەکان دروشمیان دژی دەسەڵات دەدا و خوازیاری ڕووخانی ڕێژیم بوون؟ یان بڵێی ئەو کاتە نەرگس محەممەدی لە زینداندا خەریکی نووسینی مانیفێستی شۆڕشگێڕی بۆ کوردستان بوو؟

خاڵێکی دیکە کە بەڕاستی گرینگە، ئەوەیە کە بنەماڵەی ژینا بە بێ هیچ پێشینەیەکی سیاسیی لەلایەن ئیتلاعاتی ڕێژیمەوە چوونەدەرەوەیان لێ قەدەغە کرا، بەڵام جگە لە چەند هەواڵ لە چەند ماڵپەڕدا، هیچ کەسێک و هیچ لایەنێک ئاوڕی لەم پێشێلکارییە ئاشکرایە نەدایەوە، بەڵام بە دەیان هەواڵ و ڕاپۆرت و گرتەی ڤیدیۆیی لە منداڵەکانی نەرگس محەممەدی بڵاو کرایەوە!

زۆر سادەیە، چیرۆکەکانمان جیاوازن، ئەگەر لە هەموو ساڵەکانی ڕابردوودا بە ئێلیت و خوێندەوار و سیاسی و چالاکی کوردە، لە جیاتی بایەخدانی زۆر بە لایەن و کەسایەتییەکانی دیکە، هەوڵمان بۆ پتەوکردنی پێگەی خۆمان دابایە و بە پەروەردەی دروست و نەتەوەیی و هزرێکی سەردەمیانە هەنگاومان بۆ دروستکردنی ژێرخانی نەتەوەیی خۆمان دابایە، ئەمڕۆ لە جیاتی شاگەشکەبوون بە خەڵاتی نۆبێل و پێشکەشکرانی بە نەرگس محەممەدی، ژینای ڕەمزی ژیانەوەمان بەرز دەنرخاند و ڕێزمان لە خوێنە ڕژاوەکانی سەر شەقامەکانی کوردستان دەگرت.

ئەرکی هەموومانە، وردبینانەتر لە ڕووداوەکان بڕوانین، دروستکردنی ئاڵترناتیڤ بۆ دوای ڕووخانی ڕێژیم پێویستە و وەکوو نەتەوەی کورد بەشێکیشی لە ئەستۆی ئێمەیە، بەلام مەرجی سەرەکی بۆ سەرکەوتوو بوون ئەوەیە کە وەکوو نەتەوەی کورد بتوانین قورسایی خۆمان ڕابگرین، هەوڵ بدەین هێزمان کۆ بکەینەوە و وەک هێزێکی شوێندانەر لە هاوکێشەکاندا دەور بگێڕین و بەرژەوندیی نەتەوەیی و نیشتمانیمان نەکەین بە قوربانی.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



حەسەن حاتەمی

# پاپ فرانسیس و مافی دەنگدان بە ژنان



بۆ یەکەمین جار ژنان لە وڵاتی ڤاتیکان بوون بە خاوەن مافی دەنگ دان. ئەو بڕیارە زۆر باشە، بەڵام زۆر درەنگە، لە مانگی ئاوریلی ٢٠٢٣ (بانەمەڕی ١٤٠٢) لەلایەن پاپ فرانسیس – ڕێبەری کاتۆلیکەکانی جهان– درا کە لە مانگی ئۆکتۆبر (ڕەزبەر)دا، کاری پێدەکرێ. لەو بوارە دا، بەو جۆرە نووسراوە کە: «پاپ فرانسیس بۆ یەکەم جار ئیزن بە ژنان دەدا، کە لە کۆبوونەوەیەکی ئۆسقۆفە گەورەکانی جیهان لە مانگی ئۆکتۆبر دا، دەنگ بدەن. بڕیارێک کە وەک: هەنگاوێکی مێژوویی بێ وێنە بەرز دەنرخێندرێ.»

هەروەها پاپ فرانسیس لە ڕەوتی ئەو گۆڕانە دا، بە ٧٠ ئەندامی نا ئۆسقۆفەکان کە نیوەیان ژنن، ئیزنی بەشداری لە کۆڕی (١٠ ی ئۆکتۆبر) دەدا، و ئەوانیش خاوەن دەنگ دەبن. پێشتر ژنان لەم کۆڕەدا، دەنگی ڕاوێژکارییان هەبوو. ئەو ڕەوتە لە کاتی دوویەمین شووڕای ڤاتیکان و کۆبوونەوەکانی دەیەی ١٩٦٠ (١٣٤٠) کە بوون بە هۆی مودرێڕن کردنی کلیسا، پاپ ئوسقۆفەکانی جیهانی بۆ ماوەی چەند حەوتوو بۆ باس و ڕاوێژ بۆ ڕۆم بانگهێشتن کردبوو. لەدوای تەواوبوونی ئەو کۆبوونەوانە، ئۆسقۆفەکان پێشنیاری تایبەتییان بە پاپ دا. ژنانی کاتۆلیک لەمێژ بوو لە بە کەم زانینی ژن ڕەخنەیان دەگرت؛ گۆڕانکارییەکانی پاپ بە ڕێگەیەکی دروست و بە باشی دەنرخێنن.»

### گووگل
### ڕەوتی مافی دەنگدانی ژنان لە ئێران

لە ئێران دا، بەهۆی کەش و هەوایەکی توند، نادروست، نا سلامەت و نابەرانبەر کە دژی ژنان لە پێش شۆڕشی مەشرووتە و دواتریش بە خوێندنەوەی دەمارگرژانە و سەرەڕۆیانە، بیروفیکری دژە ژن لە «نظامنامە» [یاسای بنچینەیی] شۆڕشی مەشرووتە زۆر باش ڕەنگی دایەوە و بەداخەوە نووسرا : «ژنان، وەرگەڕاوان لە دینی ئیسلام، شێتەکان، شارومەندانی بیانی، دزان و قاتڵان، سواڵکەران و کەسانی کەمتر لە ٢٠ ساڵ» شیاوی دەنگدان نیین.

دوای شکست خواردنی «سەرەڕۆیی کورت ماوە» کە کوودێتای محەممەد عەلی شا و هاوبیرانی و تۆپبارانی مەجلیسی یەکەمی مەشرووتە، بە فەرماندەریی لیاخۆفی ڕووسی، مەجلیسی دوویەم کۆبووە و نیزامنامەی هەڵبژاردن تا و توێ کرا. لەو کۆبوونەوەیەدا بۆ یەکەم جار، محەممەد تەقی وەکیلئەلروعایا نوێنەری خەڵکی هەمەدان، و تەقی زادە لە مافی دەنگدان بۆ ژنان پشتیوانیان کرد. بەڵام محەممەد عەلی فرووغی و ئایەتوڵڵا سەید حەسەنی مودەڕس دژی وەستان. مودەڕس هوشداریی دا، دانی مافی دەنگدان بە ژنان بە ناسەقامگیری سیاسی، گەندەڵی مەزهەبی و هەڕەجمەڕەجی کۆمەڵایەتیی تەواو دەبێ و کوتی: «خودا ئەوانە [ژنان]ی بەوجۆرە نەخوڵقاندەوە کە مافی هەڵبژاردنیان هەبێ.»

**– مشروح مذاکرات دەورەی دوم مجلس، پنجشنبە مرداد ١٢٩٠[١٩١١]–.**

لە هەمان کات دا، «تاج‌السطنە» کچی «ناصرالدین شاە»، ژنی لێوەشاوە و ڕووناکبیر بەداخ و کەسەرەوە نووسی: «بەداخەوە ژنە مافخوازەکان لە ئورووپا چۆن بەرگریی لە خۆیان دەکەن و چ لێبراوانە مافی هەڵبژاردنیان دەوێ».

– خاطرات تاج‌السطنە ... ص ٩٨–.

لە دەورانی دەسەڵاتی ڕەزا شا دا، مافی ژنان بە بێدەنگی تێپەڕی. بەڵام بە دوای ڕووخاندنی ڕەزا شا لەلایەن هاوپەیمانەکان لە ساڵی ١٣٢٠ دا، مەسەلەی مافی دەنگدان بە ژنان لەلایەن نوێنەرانی حیزبی توودە لە مەجلیسی چاردەیەم لە ساڵی ١٣٢١(١٩٤٢) باسیکرا، بەڵام لەگەڵ دژایەتیی زۆر بەرەوڕوو بوو.

– ویبلاگ یولداشلار، تاریخ معاصر ایران و آذربایجان، بازنشردر تێلگرام علی مرادی مراغەای–

### مافی دەنگدانی ژنان بۆ یەکەم جار لە ئازەربایجان

فیرقەی دێمۆکراتی ئازەربایجان لە ١٢ی خەرمانانی ١٣٢٤ بە ڕێبەری جەعفەری پیشەوەری، یاد بەڕێز،

دامەزرا. ئەو حیزبە دەوڵەتی نەتەوەیی ئازەربایجانی لە ٢١ ی سەرماوەزەی ١٣٢٤ (١٩٤٥) پێکهێنا و بۆ یەکەم جار ژنان بەشداریان لە هەڵبژاردنی مەجلیسی میللی دا، کرد و مافی دەنگدان و هەڵبژاردنیان وەدەست هێنا.

پێداگریان لەسەر مافی دەنگدان دەکرد و بە کردەوەش ئەنجامیان دا. فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان بە پێچەوانەی ڕەزا خان [شا]، ئازادی ژنانی نە لە چارشێو لادان و رووپۆش لابردنی زۆرەملێ دا دەدیت، بەڵکوو لە مافی ڕەوا و تەمرینی دێموکراسی دا شرۆڤەی دەکرد. ... هەر لەو بەستێنە دابوو کە، لە ٤ی ژوئیەی ١٩٤٥ دا، ناوەندی ژنانی ئازەربایجانیان دامەزراند و ٦٠٠ کچ و ژن لە زۆربەی ناوچەکانی ئازەربایجان بەشداری کۆبوونەوەیەکی گەورەیان لە تەورێز کرد. هەیئەت ڕەئیسەیەکی کاتی پێنج کەسیان هەڵبژارد و خاتوو «معصومە ستاری» کچی سەتارخانی نەمریان وەک سەرۆکی ئیفتیخاریی دانا.

**– مقاله، ٢١ آذر چراغ راه زنان آذربایجان، تهیه و تنظیم محمد علی ارجمندی، سایت آذربایجان دموکرات فرقەسی–**

**بۆ یەکەمین جار ژنان لە وڵاتی ڤاتیکان بوون بە خاوەنی مافی دەنگدان. ئەو بڕیارەی پاپ فرانسیس زۆر باشە، بەڵام زۆر درەنگە. ئەو بڕیار زۆر باشە لە ١٠ ی ئۆکتۆبری ساڵی ٢٠٢٣ دا، دەچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە.**

لە مادەی حەوتەمی مەرامنامەی فیرقەی دێموکرات دا، کە لە ١٠ی ڕەزبەری ١٣٢٤ پەسند کرا، نووسرا: بەبێ هیچ جیاوازییەک دەبێ مافی هەڵبژاردنی نوێنەرانی مەجلیسی میللی ئازەربایجان بۆ هەموو ژنان و پیاوان کە تەمەنیان ٢٠ ساڵ بێ و هەروەها مافی هەڵبژێران بۆ ژنان و پیاوان ٢٧ هەتا ٨٠ ساڵە دەبێ مسەوگەر بێ.

**– قیزل صحیفه ١٣٢٤– ١٩٤٦، ص ١١٧–**

دوای پێکهاتنی مەجلیسی نەتەوەیی بۆ هەموو ژنان و پیاوان کە تەمەنیان ٢٠ ساڵ بێ، مافی هەڵبژاردن لە ئەنجومەن [شووڕا] کانیان دا، هەیە. کەسانێکیش لە ئاغا ملکدار و ئاخوندەکان هەبوون کە موخالیفی دابەشکردنی زەوی و مافی ژنان لە هەڵبژاردن و هەڵبژێران بوون، کێشەیان سازکرد. بۆ وێنە: «آخوند یونس مجتهد اردبیلی» هاواری «واسلاما»ی لە بڵێند بیوو و حوکمی «ارتداد»ی ڕێبەرانی فیرقە و فیداییەکانی ئازەربایجانی دا. سریە کچە قارەمان شایسێوان لە فیداییە بەناوبانگەکان یەک لە گیانلێئەستێندراوەکان بوو، هەرچەند پێنج ڕۆژ شەڕ و بەرگری کرد.

نەخشی ژنانی ئازەربایجان لە خەباتی شۆرشگێری دا، پاشخانێکی درەوشاوەی هەبوو. ژنانی ئازەربایجانی ئەو دەستکەوتانەی دەبوو لە شۆرشی مەشرووتە وەدەستی بێنن، وەدی نەهات، بەڵام لە حکوومەتی یەکساڵەی ئازەربایجان دا، تەجرەبەیان کرد. سەرەڕای دژایەتیی زۆر توندی دەسەڵاتی ناوەندی، دێمۆکراتەکان

دواتر لە شارەکانی ورمێ، خۆی، ئەردەوێڵ، زەنجان، سەراب، مەراغە، مەرەند و... ئەنجومەنەکانی خۆیان دامەزراند.

**– روزنامە آذربایجان، نمرە ١٥٣٨– ایران ابراهیمی–**

**دامەزرانی حیزبی ژنان لە کوردستان**

پێک هات. لە کوردستانیش حیزبی دێموکراتی کوردستان لە درێژەی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژێ کاف)، لە ١٦ ی ئاگۆستی ١٩٤٥ (٢٥ ی گەلاوێژی ١٣٢٤)، بە ڕێبەری قازی محەممەدی، یاد بەرێز، لە مەهاباد دامەزرا. نیزیکەی ٦ مانگ دوای دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و گرتنی کۆنگرەی یەکەم لە مانگی ڕەزبەر و نیزیکەی ٢ مانگ تێپەڕین لە دامەزرانی حکوومەتی میللی ئازەربایجان، کۆماری کوردستان بە سەرکۆماریی پێشەوا قازی محەممەد لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ دامەزرا. ٥٢ ڕۆژ دوای دامەزرانی کۆماری کوردستان و یەک حەوتوو دوای ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانی ژنان، بۆ یەکەم جار »حیزبی دێموکراتی ژنانی کوردستان« لە ١٥ ی مارسی ١٩٤٧ (٢٤ ی ڕەشەممەی ١٣٢٤) بە ڕێبەری یای مینا قازی (ئەسکەندەری) لە مەهاباد دامەزرا.

**– ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٢٥، ساڵی یەکەم، یەک شەممو ٢٦ ی ڕەشەممەی ١٣٢٤، ١٧ی مارسی ١٩٤٦ ل. ٣–**

حیزبی دێموکراتی ژنانی کوردستان، کە هاوسەنگیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو، لە خوێندنەوەی ئەمڕۆ دا، دەستپێکی یەکسان تەوەریی لە لایەک و «مودێرن سازیی کۆماری کوردستان و دەوڵەت – نەتەوەیی کورد» لە ڕەوتی دێموکراتیک کردنی دا، «لە کۆمەڵگەیەکی سوننەتی و نیزیک ٩٥٪ ی نەخوێندەوار، مەزهەبی و [عەشیرەیی]» لە لایەکی دیکە، لە ماوەی کەمتر لە ١٠ مانگ تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی

**لەسەریەک بەو تێپەڕینە خێرایەی سەبارەت بە دەنگدانی ژنان و کچان و کەند و کۆسپەکانیان باسیان کرا، لە ئازەربایجان و کوردستان یاد بەرێزان: جەعفەری پیشەوەری و پێشەوا قازی محەممەد ٧٨ ساڵ پێش پاپ بۆ بەفەرمیی ناسینی مافی ژنان لە هەڵبژاردن و هەڵبژێران و مافی یەکسانی بە شێوەی حیزبی ژنانیان جێبەجێ کرد.**

دوای شەڕی دوویەمی جیهانی و فەزای نوێ یانی شکستی بەرەی فاشیزم (ئاڵمان، ئیتالیا و ژاپۆن)، کرانەوەیەک بۆ چالاکییەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگی لە ئێران

ژنانی کوردستان بە شێوەیەکی زۆر بەرچاو گەشەی کرد و بەرفراوان بوو. دامەزرانی قوتابخانەی سەرەتایی کچان بە زمانی کوردی لە مەهاباد، بۆکان و شنۆ و قوتابخانەکانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ئێوارانە و شەوانە بۆ خوێندەوارکردنی گەورەساڵان، کچان، ژنان، کوڕان و پیاوان، بەشێکی گرینگ لە بەستێنی فەرهەنگیی حکوومەتی نەتەوەیی بوو، کە ژنان بۆخۆیان دایانمەزراندبوو. یەک حەوتوو پێش دامەزرانی حیزبی ژنان، کۆنفرانسی گەرەکەکانی مەهاباد و دەور و بەری گیرابوون. نوێنەرانی گەرەکەکان کە، جوولەک و ئەرمنیشیان تێیدا بوو؛ دواتر لە حیزبی دێموکراتی ژنانی کوردستان دا، زۆر چالاک بوون. ئەوان و یایان (ژنان) و کیژان (کچان) ی دیکە لە ڕۆژنامە، مودیر و مامۆستای قوتابخانە بە دلگەرمییەکی زۆرچالاک بوون و سەردەمێکی نوێیان خولقاند.

**ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٢٤، ساڵی یەکەم، چوارشەممو ٢٢ی ڕەشەمە ١٣٢٤، ١٣ ی مارسی ١٩٤٦، ل. ٧-.**

«یەکەمین ئامانجی ئەوان [ژنان] هەرەوەزی گەورە ساڵان بۆ پشتیوانی لە کۆمار و گەل بوو. سەرەڕای ئەوەی زۆربەی ژنان نەخوێندەوار بوون، حیزب پۆلەکانی فێرکردن و کۆبوونەوە نافەرمییەکان، سازماندان بۆ چالاکی دیکە، وەک: کۆکردنەوەی یارمەتیی ماڵی بۆ سپای میللی، بەشداریی لە ڕێپێوان و خۆپێشاندانەکان و نووسین لە ڕۆژنامەکان بوون. یارمەتیی بە سپای میللی کاری ژنان کە چنینی بلووز، گۆرەوی گەرم و [دوزلیق] بۆ پێشمەرگەکانی تێدا بوو. حیزبی ژنان سیمایەکی دەوڵەتی مۆدێرنی کۆمار بوو کە بە کردەوە پێشکەوتنی ژنانی نیشان دەدا.»

- شهرزاد مجاب، محقق، پژوهشگر و نویسنده در کانادا، در مورد حزب زنان کوردستان-

مافی بەفەرمیی ناسینی دەنگدان بۆ ژنان لە ئێران ٥٧ ساڵ دوای شۆڕشی مەشرووتە (١٩٦٢- ١٩٠٥) (١٣٤١- ١٢٨٤)، ئەنجومەنەکانی ئەیالەتی و ویلایەتی لە ١٦ ی ڕەزبەری ١٣٤١، لە لایەن کابینەی «اسدالله علم»، سەرۆک وەزیری ئەوکاتی، پەهلەوی دوویەم (محەممەد ڕەزا شا) دوای ٢١ ساڵ دەسەڵات، کە ٩ ساڵ دوای کوودێتای ٢٨ ی گەلاوێژی ١٣٣٢ (١٩٥٣) پەسند کرا، کە تێیدا نووسرابوو بەربەست بۆ ژنان لە هەڵبژاردن و هەڵبژێران دا نییە، کە کێشەی زۆریان بەهۆی ئایەتووڵڵاکان، لە سەرووی هەمووان، ئا. خومەینی لەسەر ساز کرا. و...

بەڵام هەڵبژاردنێکی ئەوتۆ لە ئێرانی ئەوکات، لە ئارا دا نەبوو. تەنیا مەجلیسەکانی شووڕای میللی و سەنا بوون، کە بێ ئیزنی شا، پاڵاوتەکانی ساواک و دەربار، کە لە دێکۆمێنتارییەکی پێنج بەشی «پرویز ثابتی» کەسی دوویەمی ئەو ڕێکخراوە ترس خولقێنە لەگەڵ «من و تو» تی ڤی، لە چەند ڕۆژی ڕابردوو دا، زۆر ڕوون و ئاشکرا باسیان دەکا. تەنانەت لە ٦٠ کەس نوێنەری مەجلیسی سەنا، ٣٠ کەسیان لەلایەن شا و دەربار دیاری دەکران، تەنیا ٣٠ کەسی پاڵاوتە و بڕوا پێکراو، «دەنگ»یان پێ دەدرا !!!؟؟ سیاسییەکان و موخالیفانی سەرەڕۆیی دەسەڵاتی شا، ناوی «شانۆگەریی هەڵبژاردنیان» لێنابوون. بەڵام ٦ ژن بۆ یەکەم جار بە نوێنەرایەتیی مەجلیسی شووڕای میللی لە خولی ٢١م دا، هەڵبژێران.

**– مستند پنج قسمتی، پرویز ثابتی، یوتیوب.–**

**لە ئێران دا، ٥٧ ساڵ دوای شۆڕشی مەشرووتە، لە ١٦ ی ڕەزبەریی ١٣٤١ (١٩٦٢)، نەمانی بەربەبەست لە هەڵبژاردن و هەڵبژێران بۆ ژنان، لە کابینەی «اسدالله علم» بڕیاری بۆ درا.**

لەسەریەک بەو تێپەڕینە خێرایەی سەبارەت بە مافی دەنگدانی ژنان و کەند و کۆسپەکانیان و ئەو کردەوە زۆر باشەی ئێستای پاپ دەتوانیین خولقاندی ئەو مێژوو گرینگە بە نەسل (وەچە)ی نوێ بڵێین کە لە کوردستان و ئازەربایجان، ڕێبەرانی ئەحزاب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی دێموکرات، نەمر پێشەوا قازی محەممەد و فرقەی دێموکرات، یاد بەرێز جەعفەری پیشەوەریی کە دوای نەمانی سەرەڕۆیی ڕەزا شا دامەزران و حکوومەتی میللی ساڵێک و کۆمار ١١ مانگ بە کردەوە بوونیان هەبوو، لە پایەکان کە وڵاتەکەیان، ڤاتیکان، لە نیوهەناوی ئورووپا دایە، ٧٨ ساڵ لەپێش تر، پێشکەوتووتر، یەکسانخوازتر و ماف تەوەرانەتر هەڵسوکەوتیان کردووە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بۆچی ژنانی قەڵای دمدم خۆیان هەڵداشت؟



فەرزانە حەبیبی

خوێندنەوەیەکی دەروونشیکاری و دژەکۆلۆنیالیستی بەناو ئەدەبی کوردی، زارەکی و نووسراودا، بگەڕێین و هەرچی پەخشان، شێعر، ڕۆمان و چیرۆک، و بابەتگەلی دیکە سەروژێر بکەین، دەبینین «بەیتی دمدم» مەزنترین بەیتی تاکوو ئێستە ناسراوی کوردە. ڕەوایەتی دمدم، ڕەوایەتی نەتەوەیەکی ژێردەستە کە بۆ سەربەخۆیی و ئازادیی خۆی تێ دەکۆشێت، بەڵام دانیشتووانی قەڵا سەرەڕای بەرخۆدانێکی بێوێنە ژینۆساید دەکرێن و ژنانی قەڵا لە بەرزاییەوە خۆ فڕێ دەدەنە نێو شێو و دۆڵ. ڕەوایەتی ژیان و مەرگی خەڵکی قەڵای دمدم هاوتا و بگرە مەزنترە لە تراژیدییەکانی یۆنانی و ئێرانی. ڕەوایەتێکی نەک زەینی و خەیاڵی کە بگرە پێی لە ڕووداوێکی واقعی و مێژووییدایە. بەیت / ڕووداوی قەڵای دمدم ڕەوایەتی بناخەییترین هەست و نەستی ئینسانی کوردە بۆ ڕزگاری و ئازادیی خۆی. تا هەنووکەش هیچ بەیتێک نەیتوانیوە شان لە شانی قەڵای دمدم بدات.

تایبەمەندییەکانی دەقێکی بەرز ئەوانەن: دەقی مەزن زۆربەی کات تراژیکە، ڕەوایەتێکە هەوەڵ و ناوەڕاست و ئاخری هەیە، زمان قووڵ و ڕەوان و شاعیرانەیە، دیالۆگ بە هێزە، ڕەوایەت لە چرکەدا ئامادەیە، ڕەوایەت بە شێوەیەکی سروشتی جێی خۆی دەکاتەوە نەک بە شێوەی دەستکرد. ڕەوایەت جۆرێک لە ئەرزشی تێدایە، کارەکتەرەکان زۆر جار ئەزموونی سەخت تێپەڕ دەکەن و یان دەمرن، کارەکتەرەکان لە ڕەوتی ڕەوایەتدا ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێت و زەمەن و شوێن نایانکوژێت، خوێنەر شوناس یان بەشێک لە خۆی لە کارەکتەرەکاندا دەبینێتەوە، خوێنەر سیمپاتی لەگەڵ کارەکتەرەکان پەیدا دەکا، شوێن و لۆکەیشێن لەنێو مێشکدا دەچەسپێت. ڕەوایەتەکە دڵهەژێن و دڵڕفێنە، دوای بیستن و خوێندنەوەی لەنێو ڕۆحتدا دەنگ دەداتەوە و بیر دەکەیەوە بۆ وا بوو و چۆن دەکرا وا نەبێت.

«بەیتی دمدم» وەک دەقێکی زارەکی تەواوی ئەم تایبەتمەندیانەی هەیە. دەقێک کە باسی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتێکی خۆیی کوردی دەکات. کارەکتەری سەرەکی خانی لەپزێڕینە. پاشایەکی سەخی و والاڕەفتار. خەڵکی قەڵا پیاو و ژن و منداڵ ژیانی ئاسایی خۆیان دەکەن بەڵام ڕۆژێک لە ڕۆژان دەبێت بڕیاری مان و نەمان بدەن؛ بە کەرامەتەوە بمرن یان بە یەخسیر بگیرێن. سوپای دوژمن دەوری قەڵای داوە. بەهۆی خەیانەت دوژمن دەزانێت سەرچاوەی ئاوکەی کە دێتە نێو قەڵا، لە کوێیە. بە ڕەوایەتێک یان دوژمنان ژەهری تێ دەکەن و یان ناهێڵن ئاوی کانی بگاتە خەڵکی قەڵا. قەڵا لە بەرزاییە. دوای شەڕێکی قارەمانانە و شکانی کورد ژنان لە قەڵاڕا خۆ دەخەنە خوارەوە. دوژمن سەردەکەوێت بەڵام ژانی کوشتاری خەڵکی قەڵای دمدم ٤٠٠ ساڵە لەبن مێشکمان چڵ دەدات و دەنگی خانی لەپزێڕین لە دەرەی قاسملوو بە دەشتی شنۆ و موکریان و بە شاخەکانی باکوور هەتا دەگاتە عەفرین و دیسان هەتا دێتەوە جوانڕۆ و هەورامان دەنگ دەداتەوە.

ئێستە پرسیار ئەوەیە بۆ ژنانی قەڵا خۆیان هەڵداشت؟ ئایا ژنان تەنیا لە ترسی دەستدرێژی خۆیان هەڵداشت، یان مکانیزم، بیر و هەستی دیکە پاڵنەری ئەم ئەکتە بوو؟ ئەگەر وایە هۆیەکان چی بوون؟ دروستبوونی سابجێکت / بکەر (فاعل) لە تیۆرییەکانی سیکۆئانالیزیدا گرینگی تایبەتیان هەیە. (Abjection). گرینگی تایبەتی تری بۆ جولییا کریستیڤا هەیە. کریستیڤا لەسەر ئەم باوەڕەیە کە ئابێکشن سەرچاوەیەکی تاریک و ڕەمزاوییە و دەتوانێت دەست بۆ قەتڵ بەرێ. هەستێکی بێزاری و خۆلەڕیشەجیاکردنەوە. ئابێکشن لە هەموو کولتوورەکانی دنیادا هەیە و کاردانەوەیەکی بەزەبر و زەنگ و نەزمێکی نارسیسیتییە. ژن وک بوونەوەرێکی یەکجار هەستیار پێوەندییەکی نەک تەنیا فیزیکی و بایۆلۆژیکی لەگەڵ سروشت و دەوروبەری خۆی هەیە، بەڵکوو پێوەندییەکی زۆر تایبەتیتری لەگەڵ منداڵ هەیە. دوای ئەڤین، ئەوە منداڵە کە ئاڵقەی پێوەندیی بەهێزی ژن بە پیاوێکە. تەنانەت پێوەندیی دایک و منداڵ تا ئەمڕۆکەش هۆی سەرەکیی مانەوەی زۆر پێوەندی ترە. منداڵ دەتوانێت ژنێک پێوەند بدات بە داگیرکەری خۆی. لێرەدا یەکەمین هۆکار و پاڵنەری خۆهەڵداشتنی ژنانی قەڵای دمدم خۆی دەردەخات. ژنانی قەڵا خۆیان فڕێ دا تا منداڵی داگیرکەر لە داوێنی خۆیاندا پەروەردە نەکەن و شیر نەدەن و لە ڕێگەی منداڵەوە نەبنە ئەسیری هەمیشەیی ئەویتر / داگیرکەر. هاوکات داوێنی ئەوان نەبێتە باخێک بۆ چاندنی تووی داگیرکەر. ئەوان خۆیان هەڵداشت تاکوو ڕەحمی ژنی کورد نەبێتە زێدانی پەرەسەندنی توخمی داگیرکەری خۆیان.

خاڵێکی دیکە هەر لەم پێوەندییەدا پچڕانی پێوەندیی هەستییە لە ڕێگەی منداڵ لەگەڵ داگیرکەری خۆت. کە منداڵ کەوتە مابەینان ناچار ڕۆژانە ئەوی تر دەبێتە بەشێک لە بوونت. ئەوان خۆیان هەڵداشت تا ئەوی تر نەبێتە بەشێک لە جیهانی بوونیان، تا نەبنە دایکی منداڵی داگیرکەری خۆیان. لێرەدا ژنانی قەڵا بە خۆهەڵداشتن ئەکتێکی سیاسی دژی داگیرکەر بە مەرگی خۆیان دەخولقێنن. داگیرکەر نەک تەنیا دەستی بە داوێنی ژنەکە ڕاناگا، بگرە لە نەوەهاویشتن لە داوێنی ئەسیردا کە هەمیشە هەستێکی سەرکەوتنی پێ بەخشیوە بێبەش دەکرێت.

بەم جۆرە «گون» (testikel)ی داگیرکەر وەک کەرەستەی بەرهەمهێنانی توخم و (penis) وەک کەرەستەی زەبروزەنگ و دەستدرێژیی سێکسیی داگیرکارانە لەکار دەخسترێت، ئیگۆ و سێکسوالیتی پیاوی داگیرکەر شکست دێنێت. ئەکتی خۆهەڵداشتن دەتوانێت هەلومەرجێک بخولقێنێت کە هەست وەرگێردرێتە سەر نیشانە / بەیت و ئوستوورە و جەستەیەکی پرشوبڵاو دوای خۆهەڵداشتن بکەر/ سابجێکتێکی ئوستوورەیی دروست دەکات. دەستدرێژیی سکسی چیرۆکی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەربەریەتی یۆنانی و ڕۆمەکان، ئێرانییەکان، «فتوحات اسلام»، موغولەکان، کوشتاری قەڵای دمدم، تاوانەکانی شەڕی جیهانیی دژی جوولەکەکان، شەڕی یوگسلاوی، ڕواندا، ئەنفال، قارنا و قەڵاتان نەوە بە نەوە گەیشتووەتەوە یان ئێمە بەشێکمان بە چاوی خۆمان دیوە.

لە دەلاقەی ئەزموونی مێژووییدا دەزانین کە تاوان، کوشتوبڕ و تاڵان و دەستدرێژیکردن سروشتی شەڕە. لە هەندێک شەڕدا کەمتر و لە هەندێک شوێن زیاتر، کۆمەڵگە بە کۆ و تاک و بەتایبەت ژنان خەسارەت دەبینن. هەندێک لە تاوانەکان لە نێوان دەوڵەتان بووە وەک تاوانەکانی دوو بەرەی «متحدین» و «متفقین» لە شەڕی جیهانیدا. جێگەی ئاماژەیەکی زۆر گرینگە کە دوای گرتنی بێرلین لەلایەن ڕووسەکان لە ساڵی ١٩٤٥ی زایینی، نزیک بە یەک میلیۆن ژنی ئاڵمانی ڕۆژاوایی دەستدرێژیی سکسییان کرایە سەر، یان نزیک بە ٢٠٠ هەزار ژن کە زۆربەیان چینی، فیلیپینی، بێرمەیی و کۆرەیی بوون وەک کۆیلەی سکسی لەلایەن ژاپۆنییەکانەوە کەڵکیان لێ وەردەگیرا و بە «ژنانی ئارامبەخش» ناو دەبردران و زۆربەیان دوای دەستدرێژی دەکوژران. تەنیا چەکدارەکان و لایەنەکانی شەڕ نین کە دەستدرێژیی سکسی دەکەنە سەر ژنان و منداڵان. تەنانەت سەربازانی پارێزەری ئاشتی و کارمەندانی یارمەتیدەر، ئەو تاوانە دەکەن. لە دوای شەڕی جیهانیی دووهەم دەیان شەڕی دیکە لە گۆشە و کەناری جیهاندا ڕوویان داوە، بۆ وێنە لە گۆنگۆ، ڕواندا، کۆسۆڤ. لە هەموو ئەو شەڕانەدا ژنان گەورەترین خەسارەتیان بەرکەوتووە، هەم وەبەر دەستدرێژی هاتوون و هەم منداڵ، کەس و خزم، باوک و مێردیان لەدەست داوە. بەڵام ئەوە لە دوای ١٩٩٠ بوو کە دەستدرێژی بە ژنان لە کاتی شەڕدا لە ڕوانگەی «مافی مرۆڤەوە» هاتە بەرباس و چەندین وڵات، پەیماننامەی دادگای نێونەتەوەیی لاهە، دەستدرێژیان بە «تاوانی شەڕ» ناسی.

لێکۆڵینەوەکانی نموونەی کۆنگۆ کە ساڵی ٢٠١١ بڵاو کرایەوە، نیشان دەدەن کە دەستدرێژییەکان لە کاتی شەڕدا کەم پێوەندییان بە خودی سێکسوالیتە هەیە. دەستدرێژییەکان لەو کاتانەدا زیاتر وەک ئامرازێک بۆ دروستکردنی ئەزمە و شێواوی کەڵکی لێ وەردەگیرێت. هەروەها هەندێک جار بۆ کەمکردنی



ڕێژەی خەڵکێک ڕوو دەدەن. کاتێک ژنان بە جەستە و ڕۆح ورد دەکرێن، هەموو پێکهاتەی وڵاتێک تێک دەشکێت کە ئەوە بە داشکانی هێزی بەرانبەر تەواو دەبێت. لێکۆڵینەوەکە نیشان دەدات کە ڕادەی دەستدرێژییەکان زۆر زیاتر بووە لەوەی چاوەڕوان دەکرا و نزیک ٤٨٪ی ژنانی نێوان ١٥ تاکوو ٤٩ ساڵ لە هەر کاتژمێرێکدا دەستدرێژییان کراوەتە سەر.

لە ١٠ی جولایی ١٩٤١ی زایینی، لە گوندی جێدوابنە، جوولەکەکان لەلایەن جیرانەکانی لەهێستانی خۆیان و نەک لەلایەن نازییەکانەوە، کۆمەڵکوژ کران. لەو ڕۆژەدا پیاوانی جوولەکە لەنێو گۆڕەپانی گوند بێڕێزییان پێ کرا، ژنان دەستدرێژییان کرایە سەر، منداڵان سەریان بە چەکوچک یان بە دیوارلێدان ورد کرا. ٦٠٠ کەس خرانە نێو کادێنێک و بنزینیان پێدا کرا و سوتێندران. دیارە کە ئەوە لەنێو گونددا ئۆرگانیزە کرابوو کە کەس نەتوانێت ڕابکات. یەکێک لە توخمە سەرەکییەکانی ژیانی عەشیرەیی و دواتر شارستانیش ئەو غیرەت و شەرەفەی کە ژن وەک نماد و سیمبۆل ناسراوە. بۆ ئەوەی شکۆ و کەرامەتی کۆمەڵگەیەک بشکێت، ژنەکانیان بە دیل گرتوون و کردوویانن بە مڵکی خۆیان. تەنانەت خودی ژن خۆی وەک نامووس و شەرەفی پیاو قەبووڵ کردووە. دەستدرێژی بۆ سەر جەستە و ئازادیی ژن لەپێناو شکاندنی بەرانبەرت لە ڕەوتی مێژوودا لە هەموو کۆمەڵگەکان و لە هەموو شوێنێک بەشێک لە کەرەستەی شەڕ و بەدەستهێنانی دەسەڵات بووە.

ژنانی قەڵا بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموونەکانی مێژووی مرۆڤایەتیی پێش خۆیان دەیانزانی کە ئەوان دەبنە نێچیری پیاوانی شای سەفەوی و سەربازانی ئایینزای شیعە و ئەو کوردانەی کە هاوکاری شا بوون. ئەوان خۆیان هەڵداشت تا پڕشوبڵاو بن و زێدانیان نەبێتە شوێنێک کە زەکەری پیاوی داگیرکەر هەست بە سەرکەوتوویی و حەسانەوە بکات. ژنانی قەڵای دمدم لە قەڵارا خۆیان هەڵداشت تا نەک هەر وەبەر «دەستدرێژیی سکسی» نەکەون، منداڵی داگیرکەریش لە داوێنی خۆیاندا پەروەردە نەکەن و شیر نەدەن. هەست بە بەرەنگاری لە قووڵایی مێژووڕا دێت. مێژووی مرۆڤایەتی پڕە لە دووپاتەی تاوان. هەر پێنج ساڵ لەمەوبەر بوو کە ٦٠٠٠ ژنی شنگال بە دیل گیران و سەدان منداڵ وەدامێنی ژنانی شنگال کەوتن و ئێستە هەم دایکان و هەم منداڵەکان قوربانی دەستدرێژی سکسیی دوای شەڕن. دەستدرێژی بە کچانی گریلا لەلایەن سەربازانی تورک هەر ئەزموونی چەند ساڵی ڕابردوون.

داگیرکەر بۆ شکانی بەرانبەر هەمیشە سێکسوالیتیی ژن دەکاتە سەنتەری بەدەستهێنانی دەسەڵاتی وەحشیی خۆی. ئەوان نەک هەر دەستدرێژی دەکەن کە بگرە دواتریش جەستەی ڕووتت لە بازاڕێک نمایش دەدەن.

ژنانی قەڵا وەک بکەر بە هەڵداشتن و مەرگی خۆیان پێشی نمایشی بەربەرییانەی داگیرکەری سەفەوییان گرت.

نان یان ئازادی؟ بەیتەکان جیا لە گێڕانەوە و چێژێکی خەمگینی ئەدەبی و ڕاگرتنی زمان، دوو ئەرکی یەکجار گرینگی دیکەیان لەسەر شانە: یەکەم؛ دروستکردنی مێژووی نەتەوەیی، ئەگەر بەپێی تیۆرییەکانی ئەدەبی باوەڕمان وا بێت کە «ئەدەبیات لە ڕێگەی خەیاڵەوە نەتەوە دروست دەکات». دووهەم؛ بەرزڕاگرتنی هەستی بناغەیی و ئارکایی وەک هەستی غروور، نەترسان لە مەرگ، کەرامەت و ئازادی. ئەوانەی لە مێژوودا ناویان ماوەتەوە ئەوانە نەبوون کە ژیانێکی ئاسایی بۆ نان ژیاون، بەڵکوو ئەوانە بوون کە مەرگیان بۆ حەقیقەت، کەرامەت و ئازادی هەڵبژاردووە و بوونەتە ئوستوورە، وەک سپارتاکووس، سوقڕات، کلئۆپاترا. ئوستوورەکان دەبنە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەشێکی دانەبڕاوی بیر و نەستی تاک و نەتەوە. ئەوانەی بیری ئوستوورەیی لەبیر دەکەن، لەڕاستیدا ژیانێک بەبێ ئازادی هەڵدەبژێرن. ڕاستە لە کەونارەوە ئازادی لە چوارچێوەی سیاسیەتدا بە دیموکراسی گرێ دراوە، بەڵام ئازادی هەمیشە بە جۆرێک گەڕانەوەیە بۆ فەزیلەتێکی مەزنی بەر لە کەونار، واتە ئازادی سروشتی. ئەو کات مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی ئازاد لەنێو سروشتدا بەدوای نانی خۆیدا دەگەڕا ڕەنگە پەیداکردنی نان ئامانجی سەرەکی بووبێت، بەڵام ئازادی بەشی دانەبڕاوی سرشتی بوو. مرۆڤ بەبێ ئازادی هیچ نییە. ئازادی خودی نان و کەرامەتە. کە ئازادیت هەبوو نانیشت هەیە، کە ئازادیت نەبوو نانیشت هەبێت بەختەوەر نیت. ئازادی هەستی بناغەیی و ئارکاییە.

کاتێک دەوری قەڵا درا و خانی لەپزێڕین و سوپای کوردان شکان، ژنانی قەڵا خۆیان هەڵداشت، نەک تەنیا لەترسی هەڕەشەی سێکسوال و گەوەرەکردنی منداڵی داگیرکەر لە دامێنی خۆیاندا، بەڵکوو لەبەر ئەوە ئەوان سروشتیترین بەشی مرۆییی خۆیان واتە ئازادییان لەدەست دەدا. مرۆڤێلی دیل چییە زیاتر لە کەسێک کە لە زێدی خوی هەڵدەقەندرێت و دیبەنە «وڵاتی دەغەریبێ» کە لەوێ هەموو شتێکی لەدەست دەدا؛ زمان و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. ئەو دیل و دوورخراوە لە غەریبی و تاراوگەدا نەک ئیتر هەر ئازاد نییە، بەڵکوو ناچار دەکرێت زمانی بێگانە فێر بێت و لەگەڵ بێگانە هەستێ و دانیشێ و دەستی تێکەڵی بێگانە بکات. ژنانی قەڵای دمدم خۆیان هەڵداشت تا مەرگ لە بەرانبەر دوورخرانەوە و تاراوگە و ژێردەستیدا هەڵبژێرن. ئەوان ئازادییان پێش نان هەڵبژارد.

دوکتور ڕەهبەر مەحموودزادە لە کتێبی پڕبایەخی خۆیدا، پێکهاتەی بەیتی کوردی، ئاماژە بەوە دەکات کە ئوستوورە لەسەر گێڕانەوەیەکی ناتەواو دامەزراوە و گێڕانەوەکان هەر جارە و تووشی ئاڵوگۆڕ دەبن. هەروەها مەحموزادە نووسیویەتی: «بەیت ئوستوورە نییە، بەڵام [...] تا ڕادەیەک، لەگەڵ ئوستوورە خاوەنی تایبەتمەندیی هاوبەشە. سروشتی ناتەواویی گێڕانەوە، لە هێندێک بەیتدا، زۆر و کەم وەبەرچاو دەکەوێت و بەم شێوەیە لەم بەیتانەدا، دیاردەی لادان لە مەتنێکی مەجازی دەکەوێتە بەرچاو.»

بەیتەکان، وەک ڕەوایەتی ئارکایی و ئوستوورەیی هەموو گەلانی دیکەی دنیا تووشی گۆڕان و ناتەواوی دێن، بەڵام چونکە سەروکاریان لەگەڵ بناغەییترین ڕا، نەست و هەستەکانی مرۆڤە، بە هەموو کەموکوڕییەکانیان لەسەر نەستی نەوە لە دوای نەوە کاریگەرییان هەیە و هەنووکە چوارسەد ساڵ دوای شەڕی دمدم و دەسەڵاتی خانی لەپزێڕین و خۆهەڵداشتنی ژنانی قەڵا ئەو پرسیارە لە خۆمان دەکەین کە ئەگەر ئێمە هەر ئەمڕۆکە بکەوینە دۆخی ئەوان چ هەڵدەبژێرین، نان و ژیانی ژێردەستی یان ئازادی؟

سەید قادر هیدایەتی لە وتاری خۆی لە سەمپۆزیۆمی «پەخشانی کوردی: ڕەوتی گەشە، تایبەتمەندی و کێشەکان»دا باس لەوە دەکات کە بۆ خوێندنەوەی مێژوو و ڕووداوەکان دوو ڕوانگەمان هەیە:

١. گەشەکردن و بەردەوامبوون کە بریتییە لە زنجیرەیەک لە ڕووداوەکان کە بە دوای یەکدا دێن و ڕووداو و کتێبەکان لە دڵی یەکتردا لە دایک دەبن،

٢. کەمینەیەک کە باوەڕییان بە «گسست» و دابڕان هەیە. وەک فۆکۆ و هێگێل و بێنیامین. بۆ وێنە هێگێل پێی وایە هەر گۆڕانکارییەک لە دابڕان و گۆسەستدا دروست دەبێت. یان فۆکۆ بۆ تەبیینی دابڕان و گۆسەست کەڵک لە وشەی «دگردیسی» وەردەگرێت. دێگەردیسی جۆرێک گۆڕانە کە هێندێک ماک و توخمی پێشتر لەگەڵ خۆی دێنێت بەڵام بەگشتی قەوارە و شکڵ و سەروچاوی دیاردەکە دەگۆڕدرێت. فۆکۆ پێ یوایە ناسین و مەعرفە بروسکەئاسایە. هەروەها هیدایەتی نووسیویەتی: کە بە بازدان دەتوانین خۆمان بە نەتەوەکانی دی بگەیەنین و بەبێ «تیۆریی دابڕان» ناتوانین پاساو بۆ هەندێک ڕووداو بهێنینەوە. بۆ وێنە بەبێ تیۆریی دابڕان ناتوانین هەندێک ڕۆمان و ڕووداو شی بکەینەوە.

هیدایەتی لە باسی خۆیدا سەبارەت بە نەسری کوردی نووسیویەتی: «هەر جۆرە باسکردنێک کە لە نەسری کوردی بەبێ باسکردن لە بەیت و ئەدەبیاتی زارەکی، ناتەواوە.» ئینجا هیدایەتی بەیتەکان لەباری ڕاوێژ و لەحن بە چەند جۆر دابەش دەکات: بەیتی دینی وەک زەمبیلفرۆش، بەیتی حەماسی و ئارکایی وەک دمدم، بەیتی عاشقانە وەک مەم و زین، بەیتی شینگێڕی وەک سەیدەوان و بەیتی گاڵتەوگەپ وەک بەیتی گوڵەبۆر و پیوازان. بەیتی قەڵای دمدم لەباری زمان و گێڕانەوە، کێشەی کوردان و سەفەوییەکان، حەشاردانی خانێک لە قەڵا و تووڕەبوونی سەفەوییەکان بەوە، چۆنییەتی ژیانی نێو قەڵا، جیاوازیی ئایینی کورد و سەفەوییەکان و ... شایانی لێکۆڵینەوەیە.

ئەمن لێرەدا تەنیا ویستم ئاماژەیەک بە ئوستوورەیەکی ناتەواوی کوردی بکەم کە چۆن لەسەر هەست و ڕوانگەی ئیمە بۆ جۆری ژیانمان کاریگەرە، ویستم ئەو بەشە بەرجەستە بکەمەوە کە هەم لە خودی بەیتەکەدا زۆر کەم ئاماژەی پێ کراوە و هەم خوێندنەوەکان تەنیا لە چوارچێوەی «ترس لە دەستدرێژی داگیرکەرانی سەفەوی بە ژنانی قەڵا»دا قەتیس ماونەتەوە.

خۆێندنەوەی بەیتی کوردی و بەتایبەت قەڵای دمدم تەنیا بە تیۆریی دابڕان و دێگەردیسی دەکرێت. بە ڕوانگەی دابڕان دەتوانین بزانین کە ئەم ژنانە خۆیان هەڵداشت تا بە ئازادی بگەن و لە ڕێگەی مەرگ بۆ ئازادی بەبێ ئەوەی خۆیان بزانن بوونە ئوستوورە و فیگوری ئارکایی، ئێستە چوارسەد ساڵ دواتر ئێمە دەمانهەوێت بەقەد تاڵە قژێکی ئەوان نەترس بین. هەر بۆیە چوارسەد ساڵ دواتر هاوشێوەی ئەو کارەی ژنانی قەڵا کردیان هەندێک پیاوی شۆڕشگێڕی کورد لە مەیدانی شەڕدا کردیان تا وەک دایکانی مێژوویی خۆیان نەکەونە دەست داگیرکەر. ژنانی قەڵای دمدم ئێمەیان فێری مەرگ لەپێناو ئازادیدا کرد تا وەک پۆلە کۆترێکی باڵدار بەرەو تەشقی ئاسمان بفڕین، بەڵام نانی زیندوویی داگیرکەر نەخۆین. ئەوە کێ بوو لەبەر ژنی گاوانی ئەو تەگبیرەی دەکرد بۆ خانمەکانی و دەیوت وەرن ئەمە بچینە سەر قەڵاتی دمدمی خۆ هەڵدێرین پێنسەد کەوانی ئەوە لەبەر پۆلە خانمی دەچاو خومارە ئەوان لە ئەستۆی خۆیان شل دەکردەوە هیزارە هاواریان دەکرد یا پەروەردگارە لە قەڵاتی دمدمی خۆیان هەڵداشتە خوارەوە بە حوکمی خودای دەبوونەوە پۆلە کۆترێکی باڵدارە.

**سەرچاوەکان: ئەحمەدزادە، د. هاشم؛ (Fasans Makt, J. Kristeva) ڕۆمان و نەتەوە.**


**مەحموودزادە، د. ڕەهبەر؛ پێکهاتەی بەیتی کوردی، سەمپۆزیۆمی پەخشانی کوردی، ڕەوتی گەشە، تایبەتمەندی و کێشەکان.**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



نەسرین یوسفزادە

# ئەزموونی ڕێژیم لە کوشتنی ژینا و هەڵوێستی لە کوشتنی ئارمیتا



دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی لە کاتێکدا کە خۆی بە هێزی ناوچە دەزانی لە شۆڕشی «ژینا»دا وا داچڵەکی کە بە کوشتنی دووبارەی کچە کوردێکی دیکە ڕێک بەم شێوازەی جاری پێشوو، واتە کوشتنی سیستماتیکی ژینا ئەمینی لە تارانی پێتەخت، و ئێستا هەمان کوشتن، کوشتنی ئارمیتا گراوەند، وەهای ترس ڕێنیشت کە بە زووترین کات پەنای بردە بەر هەڕەشە و دەمکوتکردنی بنەماڵەکەی کە نەهێڵن خەڵک وەک جاری پێشوو بێنە مەیدان و دەنگ هەڵبڕن و شڵەژانێکی دیکە لە ئێران دروست ببێ.

تەنانەت لەکاتی لێدانی و ڕاگواستنی بۆ نەخۆشخانەسەڕاری بوونی زۆر نەخۆشخانەی نیزیکتر لەوشوێنە، بۆ نەخۆشخانەیەکی سپا نێردرا.

ئەو دەوڵەتە و کاربەدەستەکانی زۆر بە باشی دەزانن هێزی خەڵک وەهایە کە ئەگەر بۆ جارێکی دیکە بە هەر شێواز و هەر بیانوویەک بڵێسەی ئەم ئاگرە سەرهەڵداتەوە تەخت و بەختیان بۆ نامێنێ و دەبنە پووشی بەر با. جا بۆیە کاتێک بۆ جارێکی دیکە ئەو هەڵە گەورەیە لە لایەن کاربەدەستەکانیان ڕوویدا پێویست بوو بۆ ڕاگرتنی خۆشیان بێ دەست بدەنە کارێکی نەشیاوتر.

لە یەکەم ساتەکاندا بانگی بنەماڵەکەی ئارمیتا دەکەن و بە هەڕەشەلێکردن ناچاریان دەکەن کە ڕوو بە ڕاگەیاندنەکان بڵێن کچەکەیان خۆی نەخۆش بووە و بە هۆکاری نەخۆشی خۆی کەوتوەتە کۆماوە و بێهۆشی کچەکەیان هیچ پێوەندی بە کەسەوە نییە.

با ئەوە وابێ و ئەوە پێوەندی بە کەسەوە نەبێ و ئەو کچە لاوە خۆی نەخۆش بووبێ و دەستی کەسی وێ نەکەوتبێ و بەدەستی کەس نەکوژرابێ، ئەی بۆ دەبێ بنەماڵەکەی بێن بە ڕاگەیاندنەکان بڵێن وەها نییە و خەڵک لە حاڵی کچەکەیان ئاگادار کەنەوە و ڕاییبگەیەنن کە هیچ کەسێک بەرپرسیاری ئەو حاڵەی کچەکەیان نییە، لە کاتێکدا ڕۆژانە دەیان کەس لە دنیادا بە هەر هۆکارێک دەچێتە کۆماوە و هیچیان پێویستیان بەوە نەبووە کە بنەماڵەکەی بێن و بە ڕاگەیاندنی وڵاتەکەیان و بە خەڵک بڵێن کەسەکەیان خۆی نەخۆش بووە و پێوەندی بە کەسەوە نییە ئەویش لە کاتێکدا چەندین شاهید و تەنانەت کامێرای شارەوە نیشانی داوە کە ئەو کچە (ئارمیتا) بە دەستی کەسانێک لێی دەدرێ و بەزۆر ڕادەکێشرێ.

ئارمیتا گەراوەندی کچی تەمەن ١٦ ساڵانی، خەڵکی شاری کرماشانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دانیشتووی تاران، کە ڕۆژی ٩ی ڕەزبەری ئەمساڵ لە میترۆی هاموشۆی تاران لە کارێکدا هاوڕێ لەگەڵ کچە هاوتەمەنەکانی چاوەڕوانی شەمەندەفەری هاموشۆ دەبێ، لەلایەن کەسانێک کە سەر بە دەوڵەتن و ئیزنی ئەوە بە خۆیان دەدەن سەر بخەنە ژیان و کاری خەڵکەوە دەبێتە قوربانییەکی دیکەی دەستی غەدری کۆماری ئیسلامی.

ئارمیتا بەهۆی لێدان لەلایەن هێزەکانی تایبەت بە کۆنترۆڵکردنی حیجابی زۆرەملێ لە مێترۆی تاران، کەوتە کۆما و لە نەخۆشخانەی «فەجر»ی تاران و لەژێر کۆنترۆڵی توندی ئەمنییەتیدا لەژێر چاوەدێریی پزیشکیدا بوو و لە ٦ی خەزەڵوەریشدا گیانی لەدەست دا و تەنانەت دەوڵەت ئیزنی نەدا تەرمەکەی بگەڕێندرێتەوە شار و زێدەکەی خۆی و لە بەهەشتی زارای تاران ئەسپەردەی خاک

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کرا وئەوەش بووە پەڵەیەکی ڕەش دیکە بە نێوچاوانی ئەو ڕێژیمە دژە ئینسانییە.

وەک باسمان کرد مەرگی ئارمیتا ببوو بە هۆی ترسێکی گەورە لەوەی کە دووبارە وەک ساڵی پێشوو و هەڵدانی شۆڕشی ژینا بۆ جارێکی دیکە شەقام وەدەنگ بێ و پایەکانی ئەو ڕێژیمە بۆ جارێکی دیکە بخاتە لەرزە. ئەوەی جێی گۆمانە ئەوەیە کە تەرمی نیوەگیانی بە زووترین کات بۆ «نەخۆشخانەی فەجر» ڕادەگوێزرێ. ئەو نەخۆشخانەیەی کە تایبەتە بە ئەرتەشییەکان و ڕێگای هاتوچۆ بەتەواوەتی تیایدا بەستراوە.

کارناسان و شارەزایان بۆ شێوازی دارشتن و بڵاوکردنەوەی فیلمە ویدیۆیەکانی تایبەت بە شێوازی هاموشۆی ئارمیتا لە مێترۆکە باس لەوە دەکەن کە ئەو کچە لێیدەدرێ، لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ کە چۆن و بە چ شێوازێک بۆیان کراوە کە نهێڵن بنەماڵە و هاوڕێیانی ڕاستی ڕووداوەکە باس بکەن لە کاتێکدا هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە ئارمیتا بە دەستی زۆر لێیدراوە و ئەوەی کاربەدەستانی ڕێژیم لەسەر تێکچوونی باری دەروونیی ئەو کچە تازەلاوە باس دەکەن دوورە لە ڕاستی.

وەک لەسەرێ باسمان کرد ئەو حکوومەتە لە ساڵی ڕابردوودا بۆی دەرکەوت کە ناکرێ هێزی خەڵک بە کەم بگرێ و تای خۆشی لە تەرازووی خەڵکدا بۆ دەرکەوت و بینی کە چ قورساییەکی لەم تایەی تەرازووەکەدا نەماوە. بەتایبەت ئەوەی کە هەردووک ڕووداوەکان هەم ژینا و هەم ئارمیتا کچی کورد بوون و ئەوەی خۆیان دەزانن کوردستان چەندە بە ڕێکخراوتر و بەهێزتر لە هەموو شوێنەکانی ئێران لە کاتە تایبەتەکان دەردەکەون و لە وەها کاتگەلێک هەمووی هاودەنگ و هاوبیرن ئەوە دەبێتە ترسێکی گەورە لە دڵیاندا و هەر کارێک دەکەن تا دەنگی شەقام کپ کەن چونکە ئەوان خۆیان دەزانن دەرمانی هەر ژەهرێک هەمان ژەهرە، ئەوان خۆیان بە هێزی شەقام هاتنە سەرکار و ٤٤دەیەیە حکوومەت دەکەن، بە دڵنیاییەوە هێزی شەقامیش بۆ ئەوان مەترسیداردترین هێزە چونکە دەزانن چ هێزێکە.



شەهلا حاجی ڕەحیمی

# مۆد یا دواکەوتوویی!

لە کات و زەمەنێکدا ئێمەی کورد دەبێ بە هەموو هێزی خۆمان کولتوور و نەریتی خۆمان بپارێزین هێندێک لە خەڵکی ئەم کۆمەڵگەیە کەوتوونەتە ژێر کاریگەری بیر و فکری ڕێژیمە فاشیستەکان و بەناوی مۆد خەریکن نەریتە جوانەکان لەنێو دەبەن. جا لەڕووی ڕووخسار و جل و بەرگەوە هەتا زمان و زاراوە بوونەتە ئاوێنەی باڵانوێنی نەتەوەکانی دیکە و لاسایی ئەوان دەکەنەوە.

ئەم کەسانە بە شێوەیەک کەوتوونەتە ژێر کاریگەری دووژمن کە تەنانەت هەوڵی ئەوە دەدەن وەک ئەوان بن لە ڕووی پۆشینی جل و بەرگ و داب و دەستوور بوونەتە لاساکەرەوەی نەتەوە داگیرکەرەکان و ڕێک خەریکن وەک ئەوان ڕفتار دەکەن، ئەوە لە کاتێکدایە کە ئێمەی کورد خاوەنی سەدان ساڵ هزر و بیر و نەریتی زۆر جوانین کە بە دڵنیاییەوە ئەوان هەر نەشیانبووە و ئەگەریش بووبێتیان لە نەتەوەکانی دیکەیان وەرگرتووە؛ بۆ نموونە خەنەبەندان مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە و هەموو کات لە نێو کورددا بە باشترین شێوە بەڕێوە چووە و تورکەکان بە هێندێک گۆڕانکاری لای خۆیان بەڕیوەی دەبەن و بەداخەوە کوردە بۆرەش وەک ئەوەی خۆی هەر نەزانێ خەنەبەندان چییە ڕاست مووبەموو لاسای ئەوان دەکەنەوە.

لەم ماوەیەدا هەموومان دەبینین شێوازی جلی کوردی بەتایبەت هی ناوچەکانی موکرینیان بە تەواوی گۆڕیوە و وایان لێ کردووە کە نەکرێ ناوی جلی کوردی لێبنرێ. کاتێک لیان دەپرسی یا خود پێیان دەڵێ شتێکی باشیان نەکردووە وەڵامیان ئەوەیە «ئەوە مۆدە و ئێوە دواکەوتوون کە ڕەخنە لە گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەدا دەگرن» لە کاتێکدا خۆیان مانای دواکەوتوویی نازانن.

ڕێوڕەسم و زەماوەندەکان وایان لێ هاتووە کە بە جێ شایی کوردی لە سەمای نەوەک نەتەوەی داگیرکەر بەڵکو لە سەمای هیندی کەڵک وەردەگرن تا ئەو ڕادەیە دواکەوتوویی ئەویش نموونەی زیندوو بڵاو بوونەوەی گرتە ڤیدیوییەک لە شاییەکی شاری بۆکان کە بووک بە تایبەت سەمای هیندی دەکات.

حکومەتی فاشیستی فارس و تورک و عەرەب بەشێوەیەک کاردانەوایەیان لەسەر ئەم کەسانە هەیە کە تەنانەت وایان کردووە زمانی خۆیان لە بیر بکەن و لایان قسەکردن و ئاخاوتن بەم زمانە دواکەوتوویی بێت، ئەوەش نەک تەنیا یەک ناوچە و بەش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرتبێتەوە بەڵکوو هەمووی گرتووتەوە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ خراپتر دەبێ لە ناوچەکانی موکریان کە لەنێو ڕستەیەک دە وشەیی حەوتی فارسی و سێی کۆردیە

لە ناوچەکانی کرماشان و ئیلامیش هیێندیک ناوچەی بە گشتی فارسی قسە دەکەن و لە کرماشان ناوییان لێ ناوە فارسی کرماشانی و ئەمەش خراپترین جۆر لە ئاسیملەکردنی پێ دەگووترێ.

تەنانەت وایان خستۆتەوە نێو بیری خەڵکەوە زاراوەکان لەگەڵ یەکتر بکەونە ناکۆکییەوە و خۆیان پێ جیا بێت و تەنانەت زاراوەی هەورامی لەکی خۆێ تەواو جیا کردووتەوە و دەڵێن لەکی زمانێکی جیا و سەربەخۆییە.



کێشەی زمان تەنیا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدی ناکرێت بەڵکوو لە ناوچەکانی تر بەتایبەت باکور و ڕۆژئاوا کە زیاتر بە زمانی بێگانە قسەدەکەن و بە شێوەیەک ئاسمیلە کراون. ئەوان پێیان وایە بە تێکدانی زمان و جلی کوردی و لاسا کردنەوەی بێگانە پێش دەکەون.

# گرینگترین دەسکەوتی شۆڕشی ژینا



شەهرام سوبحانی

شۆڕشی ژینا دەستپێکی گۆڕانێکی بنەڕەتیی بوو کە دوای ساڵەها کوشتن و سێدارە و بڕین و ناحەقی و کپکران و زیندانیکرانی چالاکانی کوردستان و ئێران، هاتە ئاراوە و شەپۆلەکەی تا شەقامەکانی لەندەن و واشینگۆتن ڕۆیی.

لانەکەی سەرهەڵدانی ئەم شۆڕشە وڵاتێکی غەریب و بێکەسە کە سەدان ساڵە لە ژێر چەپۆکی دڕندەترین ڕێژیمی مێژووی مرۆڤایەتی بە شێوازی جۆراوجۆر دەچەوسێتەوە و شەڕی مان و نەمانی لەگەڵ دەکرێ، شۆڕشێک کە ڕووناکی لەگەڵ خۆی هێنا و پەردەی لەسەر دروشمە بێ بنەماکان ڕاماڵی و دەروازەیەکی نوێی لە خەباتی گەلەکەمان دژی نادادپەروەری و زوڵم و زۆر کردەوە و خەباتی ڕەوای گەلی کوردی لە ئێران و دنیاش زەق کردوە، ئەم ڕاسانە تینێکی یەکجار گەورەی وەپاڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان ناو وەک پرسێکی سەرەکی خۆی دەرخست.

ئەم شۆڕشە چەندین دەسکەوتی گەورەی بەدوادا بوو، کە ئەمڕۆ دەسکەوتەکانی وەک بەرگێکی زێڕین لە مێژوویی سیاسی کوردستاندا بۆ هەمیشە دەمێنێتەوە، یەکێک لە دەسکەوتەکانی ئەم شۆڕشە پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوو و یەکدەنگ لە نێوان نەتەوەکانی ئێران بۆ داهاتوویەکی ڕوون و هاوبەش بوو، کە هەروەک هەموومان بینیمان نەتەوەکانی ئێران بە یەکگرتووی و بەردەوام بوون لە شەقامەکانی کوردستان و ئێران تەنگیان بە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم هەڵچنی و ڕێژیمیان تا لێواری نەمان برد. ئەڵبەت با ئەوەش بڵێم ڕاستە ئەو بەشدارییەی کە کورد و بەلووچ لە شۆڕشی ژینادا بوویان پڕ ڕەنگتر لە نەتەوەکانی دیکە بوو بەڵام، لە لایەکیش بینیمان کە فارس و تورکەکانیش تێکەڵ بەم جەماوەرە بوون، کەوابوو خاڵێکی ئەرێنی بوو کە بۆ یەکەمجار ئێرانی فرە نەتەوە بەبێ لە بەرچاو گرتنی بیرکردنەوە و ئایدۆلۆژیکی جیاواز پێکەوە دروشمی مەرگ بۆ دیکتاتۆریان لە شەقامەکاندا دەوتەوە، هەروەها لە ڕێکخستن و ڕێبەری و بەڕێوەبەری ئەم جووڵانەوەیەدا هاوکار و پاڵپشتی یەکبوون، یان دەتوانین بڵێین ڕێنوێنی یەکبوون. بەڵام لە ڕاستیدا چینێک هەیە لە نێو کۆمەڵگەی ئێران کە دژی دیمۆکراتیزەکردنی ئێرانن و زیاتر لایەنگری پاشماوەکانی پەهلەوین، ئەم چینە لە کۆمەڵگەی ئێران نە تەنیا لەمپەرێکن لە بەردەم ئازادی و دامەزراندنی وڵاتێکی دیموکراتیک، بەڵکوو مەترسییەکی گەورەن بۆ نەتەوەکانی ئێران، لە شۆڕشی ژینا کاتێک خەڵکی کوردستان و بەلووچستان دژی کۆماری ئیسلامی خەباتییان دەکرد و دروشمی مەرگ بۆ خامنەییان دەوتەوە، ئەوان دروشمی «جانم فدای ایران» یان دەوتەوە، ئەمە خاڵی جیاوازی ئەم چینەیە لە گەڵ نەتەوە ستەم لێ کراوەکان و مافخوازەکانی ئێران، لەم شۆڕشە دەرکەوت کە شەڕی ئێمە دامەزراندنی کیانێکی ئاشتی و دیمۆکراتیکە کە هەموو نەتەوە ستەم لێکراوەکان خۆیان تێدا ببینەوە، بەڵام شەڕی ئەوان شەڕی دەسەڵات و کورسییە، هەروەها دیمۆکراسی و دادپەروەری لای ئێمە دابەشبوونی دەسەڵات و عەدالەتی کۆمەڵایەتییە، نیزامێکە بەویستی خەڵک دامەزرابێت و ئاکامەکی ژیانێکی ئاسوودە و ئارام بۆ هەموان بێ، بەڵام لای ئەوان واتایەکی دیکەی هەیە، لە ڕوانگەی ئەوان ئازادی و دیمۆکراسی لە ئێران دامەزراندنی حکوومەتێکی ناوەندگەرا و بە بێ لەبەرچاو گرتنی مافی نەتەوەکانی دیکەیە، بەواتای ئەوەیە دەسەڵات و سەروەتی ئێران هەمووی بۆ نەتەوەی حاکم و باڵا دەست بێ و نەتەوەکانی دیکەش هەر لە بەدبەختی و چەرمەسەری ژیاندا بمێنەوە، بە زمانی سادەی خۆمانییانە «پاشا و ڕەعییەت»یان دەوێ. دەسەڵات و دەسەڵاتداری بۆخۆیان بەڕەوا دەبینن بەڵام بۆ نەتەوەکانی دیکە نە، ئەم ناوەڕۆکە هیچ جیاوازییەکی لە گەڵ ماهییەتی کۆماری ئیسلامیدا نییە.

**شەڕی ئێمە دامەزراندنی کیانێکی دیمۆکراتیکە، دابەش بوونی دەسەڵات و دابینبوونی عەدالەتی کۆمەڵایەتییە، نیزامێکە بە ویستی خەڵک دامەزرابێت و ئاکامەکەی ئاسوودەی ژیانی خەڵک بێت، بەڵام شەڕی ئەوان شەڕی دەسەڵات و کوریسە، نیزامێکە حاشا لە فرە نەتەوەی ئێران دەکات. بە زمانێکی سادە «پاشا و ڕەعییەت» یان دەوێ.**

دووهەمین خاڵی ئەرێنی ئەم شۆڕشە کە وەک دەسکەوتێکی مێژووی باسی لێ دەکرێ، ئاشکرا بوونی دەستی ڕێژیم لە پیلانگێڕییەکانی دژی خەڵکی کوردستان بوو، ڕێژیمی خوێنمژی خۆمەینی پاش ئەوەیکە خەڵکی کوردستان لە ڕۆژی ڕێفراندۆمەکەیدا «نا»یەکی توندیان پێ گوت لەو ڕۆژەوە دوژمنایەتی لە گەڵ کورد دەکەن و بە هەموو ئاقار و شێوازێک لە هەوڵی سڕینەوە و بنبڕکردنی کورد و کوردستان دان و لەم پێناوەدا لە هەر دەرفەتێک و ئیمکاناتێک بۆ لاوازکردنی کورد کەڵک وەردەگرن، تاکوو کورد و جووڵانەوە ڕەواکەی بەرە و لێواری نەمان بەرن و کۆتایی پێ بێنن، کۆماری ئیسلامی بەدرێژایی چەن دەیە دەسەڵاتداری لە ئێران بۆ ئەوەیکە ڕۆخساری کوردەکان خراپ نیشان بدا و وێنەیەکی خراپی لای هەر تاکێکی ئێرانی دروس بکەن بە دیکۆمێنت و کتێب و کەڵک وەرگرتن لە دامودەزگا پەروەردەییەکان بە تایبەت ڕاگەیاندن و ڕێکلامکردن و .... هتد.

هەوڵی چەواشەکردنی ڕووی ڕاستەقینەی کوردیان داوە و دایم کورد وەکوو تێرۆریست و جیایخواز لە قەڵەم دەدەن، تاکوو نەتەوەکانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



دیکە لە ئێران دژی هانبدەن بۆ ئەوەیکە نەتوانێ بەرەیەکی بەهێز بۆ جووڵانەوە ڕزگاریخوازنەکەی پەیدا بکا، جووڵانەوەیەک کە نە تەنیا هەوڵی ڕزگاری کوردە لە چەوسانەوە و چەرمەسەری و نەهامەتی، بەڵکوو خەبات بۆ کردنەوەی چەترێکی گەورەیە کە هەموو نەتەوەکانی ئێران خۆیانی تێیا ببینەوە و پێ بگەن، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ دوای ئەم هەموو چەواشەکارییە لەم شۆڕشە بۆ خەڵکی ئێران ڕوون بووەوە کە ئەمانە تەنیا دروشمی پووچ و بێ بنەمای کۆماری ئیسلامی بوونە کە ئامانجی تەفرەقە و دووبەرەکێ نانەوە بووە، بۆیە هەموومان ئەمڕۆ لە شارە جیاجیاکانی ئێراندا دەبینین کە بە چاوێکی هیوابەخش و گەشبینانەوە دەڕواننە دۆزی کورد و خەباتەکەی و خەباتی کورد و ڕزگاری کورد بە ڕزگاری و سەرکەوتنی خۆیان دەزانن و کوردستان بە پێشەنگی خەبات و سیمبولی ئازایەتی دژی زوڵم و زۆری ئەم ڕێژیمە دەناسن.

وە ئەمما گرینگترین دەسکەوتی ئەم شۆڕشە چی بوو؟ بەر لە دەستپێکردنی ئەم شۆڕشە بەشێک لە خەڵکی ئێران بە ڕوانگەیەکی دیکەوە چاویان لە پاشماوەکانی پاڵەوی دەکرد بە جۆرێک کە باس لە دێمۆکراسی و ئازادی ئێران دەکرا، لایان وابوو کە ئەمە تەنیا

**ئێمە وەکوو هەموو نەتەوە ستەم لێکراوەکانی ئێران، ئەگەر یەکگرتوو نەبین و یەکگرتووانە تێ نەکۆشین ئەوا نە تەنیا وەک لەمپەرێک لە سەر ڕێگای ئازادی دەمێنەوە، بەڵکوو شۆڕشەکەش بەلاڕێیدا دەبن یان دەیدزن.**

بنەماڵەی پاڵەوییە دەتوانێ ئەم ئامانجانە بە حەقیقەت بگەیێنێ، لایان وا بوو ئەمە تەنیا بنەماڵەی پاڵەوییە دەتوانێ وڵامدەری ویست و داخوازییەکانییان بێت یا لە لایەک دەتوانم بڵێم فریوی دروشمەکانی ئەوانییان خوارد بوو، دروشمگەلێک وەک سەرەتاکانی شۆڕشی گەلانی ئێران کە چۆن خۆمەینی بەم دروشمانە «آب و برق را مجانی میکنیم» دەیهەویست خەڵکی ئێران فریو بدات تا دەسەڵات بە دەستەوە بگرێ، ئەمانیش ڕاست بەو شێوەیە، بەڵام بە خۆشحاڵییەوە دوای تێپەڕبوونی چەن مانگ لە شۆڕشی ژینا بە تایبەت دوای شکستهێنانی مەنشووری «جۆڕج تاون» ئەو مەنشوورەی کە تەنیا لەعابێک بوو بۆ شاردنەوەی ڕاستییەکان و دروشمێک بۆ گەیشتن بە دەسەڵات بە ناو دێمۆکراسی، بۆ ئەو بەشە لە خەڵکی ئێران ڕوونبووەوە کە ماهییەتی ئەم بنەماڵەیە چییە! و ویست و داخوازییەکانییان چی دەبێت. خەڵکی ئازا و تێگەیشتووی ئێرانیش چەن ڕۆژ داوتر بە دروشمی «مرگ بر ستمگر چ شاه باشە چ رهبر»، «نا»یەکی توندیان بە بنەماڵەی پاڵەویش گوت و بۆیان دەرکەوت کە ڕووی ڕاستەقینەی ئەم بنەماڵەیە چییە، هەر وەک باسم کرد ئەم بنەماڵەیە نە تەنیا لەمپەرێک بوون لە شۆڕشی ژینا، بەڵکوو مەترسییەکی گەورەن بۆ گەلانی ستەم لێکراوی ئێران چونکە ئەگەر ئێمە یەکگرتوو نەبین و یەکگرتوو تێ نەکۆشین ئەوا نە تەنیا وەک لەمپەرێک لە سەر ڕێگامان دەمێنەوە بەڵکوو شۆڕشەکەش بە لاڕێدا دەبن یان دەیدزن. کەوابوو نەتەوە ستەم لێکراوەکانی ئێران دەبێت زۆر بە وریاییەوە بڕواننە ئەم مەسەلە، ئەگەر بیانهەوێ شۆڕشی ٥٧ دووپات نەبێتەوە دەبێ هەر لە ئێستاوە وەک چۆن هەتا ئەمڕۆ بەگژیدا چوونەوتەوە لەمەو بەدواش شێلگیرانەتر لەقاوی بدەن و دژی ئەم مەترسییە بۆوەستنەوە. تا لە کۆتاییدا بە هاوکاری ئەو لایەنە سیاسییانەی ئێران کە خوازیاری دامەزراندنی ئێرانێکی دێمۆکراتیکن، بتوانین پێکەوە کیانێکی ئازاد و دێمۆکرات دابمەزرێنین و چارەنووسی خۆمان بەدەستەوە بگرین.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ورده سەرنجێک لە سەر کۆماری ئیسلامی و بزووتنەوەی ژینا



ماریا وەیسی

ڕژێم، قەیران، بزووتنەوەی ژینا

ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بەدوای بزووتنەوەی ژینا لە هەوڵی گشتاندنی بێ هیوایی و بێ داهاتوویی لە فەزای گشتیی دایە؛ ئامانجی کۆنترۆڵی پەرەسەندن و بڵیندهەڵکشانی بیرۆکەکانی بزووتنەوەی ژینایە، بزووتنەوەی ژینا کە یەکێک لە قەیرانەکانی دەسەڵاتدارانی تارانە لە پاڵ گەورە قەیرانەکانی تر وەک بەرنامەی ناوەکیی، شەڕی ئۆکراینا و شەڕی حەماس و پرسی ناوچەیی لەو قەیرانانەن کە تاران بەرەوڕووی بووەتەوە.

بزووتنەوەی ژینا ئەمنییەی دەروونی دەسەڵاتی خستووەتە مەترسییەوە، بەم مانایە کە حاکمییت بۆ پاراستنی خۆی لە بەرامبەر سەرچاوەی هەڕەشەکان دەست بۆ سەرکوتی بزووتنەوە و داماڵینی هیوا لە کۆمەڵگایە. وەڵامی ڕژێم بۆ بەدیهێنانی تەناهی ناوخۆیی دەسەڵاتی خۆی پەنا بردنە بۆ کایەی بە ئەمنییەتی کردنی فەزای ناوخۆیی وڵات، لەگەڵ فشار خستنە سەر هێز و کەسایەتییەکان لە دەرەوەی سنوورەکانی دەسەڵاتی خۆی.

مەرگی ژیان یان بنجبەستی کۆمەڵگا

لە ڕێچکە بەندی ئەم دۆخەدا شیمانە ئەوە دەکرێت کە کۆمەڵگا ڕەزدی و جددییەتی خۆی لە بەرامبەر داهاتوویی لە دەست بدات. زاڵبوونی دۆخی مەنگیی ڕێگای دیالۆگ و پەرەپێدان بە توانایی بیرکردنەوە لە فەزای گشتییدا کەم دەکاتەوە.

لە فەزای گشتییدا کە توانایی بیرکردنەوە و خەیاڵ لاواز بێت بێ گۆمان کۆمەڵگا لە مرۆڤایەتیی خۆی دا دەماڵرێت لە وەها دۆخێکدا مرۆڤ لە سرووشتی سیاسیی و کۆمەڵایەتیدا بە بوونەوەرێک دەگۆڕێت و ژیان ڕووبەڕووی مەرگ دەبێتەوە لە ناوەوە هەستی گۆڕان لە خەڵک دەکوژرێتەوە.

چی دەتوانین بکەین؟

ئەم مەسەلەیە هێزی جوولەی خەڵک بۆ دەستەبەر کردنی ژیانێکی ئازاد دەخاتە مەترسییەوە هەر بۆیە دیالۆگ، بیرکردنەوە و ئارمانجەکانن کە دەتوانن ڕێگایەک بن بۆ تاو دانەوە و هەڵکەوتووی ئارمانجەکانی بزووتنەوەی ژینا و خەونەکانی شۆڕش. ئەمە وا دەکات هەمووان بەم پرسیاری بنچینەیی کە بەرۆکمانی گرتووە بیر بکەینەوە دەچیت دەتوانین بکەین؟ بە خوێندنەوەی مێژووی شۆڕشەکان ڕەوتی سەرکەوتنی گەلان ئەزموونێکی باشمان پێ دەڵێنەوە، ئەمیش ئەوەیە کە دەستەبەر کردنی فەزایەکی گشتی کراوە بۆ ئەوەی خەڵک بتوانن باس لە بیرۆکەکانیان بکەن و فرەیی زمان و بیرۆکە بەرجەوەندێکی مرۆڤانە و ئازاد پیشان دەدات کە دەتوانێت عەمەلی شۆڕشگێڕانەی خەڵک بەهێزتر بکات. بەم مانایە کە کۆمەڵگا ئارمانجەکانی ڕوونتر و بەر هەست تر هەست پێ دەکات و ئاگایە و دەزانێت لە پێناو چی و بۆ چی تێ دەکۆشێت.

چالاکوانان، سیاسەتوانان و سیاسەت زانان و ڕەخنەگران و هتد.. نابێت دەرگای دیالۆگ و گفتوگۆ کردن لە یەکتری بستێننەوە مەسەلەیەک کە کۆماری ئیسلامی بەدوای بزووتنەوەی ژینا بەتەواوەتی لە هەوڵی پێشبردنی کۆمەڵگایەکی مردووە، کۆمەڵگایەک کە بەرەوە مەرگی ژیان بڕوات و هەتا بەم ڕێگایەدا کۆنترۆڵی کۆمەڵگا بە دەستەوە بگرێت. مرۆڤ بە پرسیار کردن لەسەر تواناکانی خۆی کە چی لە توانایی دایە دەتوانێت لەم کاتەدا کۆمەڵگا بەردەوام لە هەمە کییەتی خۆیدا بە ڕێگەدان بە فرەیی و فرەچەشنی خۆی ورەبەخش و پاڵنەری هەتایی بێت بۆ گۆڕانکارییەکان و هەرەس بە قەڵای زۆرداری بهێنێت و ترس بخاتە گیانی پاوانخوازاندا دەبێت.

کەوابوو بۆ بەرخۆدان و شۆڕشگێڕی یانێ خۆڵقاندنی فەزایەکی کراوە، دیالۆگ و پەسەندی فرەیی بۆ پەرەدان بە ئاگایی لەسەر تواناییەکان بەم واتایە کە بزانین چی دەتوانین بکەین ئەمە لە حاڵێک دایە کۆماری ئیسلامی لە هەوڵ پێچەوانەی ئەم ڕاستییە کە دەیەوێت بە کۆنترۆڵ کردنی کۆمەڵگا ئەمنییەتی دەروونی خۆی گارانتی بکات و ئاسەوارەکەشی بە بنجبەست گەیاندنی کۆمەڵگا و مەرگی ژیانە تەواو ببێت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەسەرکردنەوەیەکی بەجێ

گۆڤاری ژنان

لە تەواوی قۆناغەکانی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوام ژنان هاوڕێ لەگەڵ پیاوان کاریان کردووە و چەکیان لە شاندا بووە. هەڵبەت زۆر لە ئەم ژنانە بێجگە لەوەی کە چەکیان لە شاندا بووە لە پێناو گەلەکەیان بە شێوازی جۆراو جۆر کار و خزمەتیان کردووە. بەشێک لەم ژنانە لە نەخۆشخانەکان و لە تیماری بریندار و نەخۆشییان کردووە بەشێکیان لە ڕاگەیاندن و بەشێکی دیکەیان لە شوێنەکانی دیکە کاریان کردووە.

کاتێک کە لە ڕاگەیاندنەکاندا باسی ژنی پێشمەرگە یان پێشمەرگەی ژن دەکرێ زۆرترین کات ئەم ژنانە نیشان دەدەن کە لە شاخ و چەک بەشانەن، هەڵبەت ناکرێ کاری ئەوان بە کەم بگیرێ یان بڵێین ئەوان کارێکی کەمیان کردووە بە دڵنیایەوە هەرکام لەو خانمانەی کە چەکیان لەشان کردووە و لە شاخن زۆر زۆر لە خۆبوردوو و بەوەرەن و جێگای ڕێز و زۆر قارەمانن، بەڵام بە داخەوە زۆربەی زۆری کاتەکان ئەو ژنانەی کە لە پشتی جەبهە وەک باسمان کرد کار دەکەن بە خۆڕاگری خزمەت بە پێشمەرگە و بنەماڵی پێشمەرگە دەکەن یان ئەو خانمانەی کە لە ڕاگەیاندنەکاندا کار دەکەن وەکوو چاپەمەنی، یەکیەتیی ژنان، کۆمەڵایەتی، نەخۆشخانە، ty و هتد... و ئەو شوێنانەی کە ژنان و پیاوان بەیەکەوە کار دەکەن ئەوانیش ماندوویینەناسانە خەریکی تێپەڕاندنی ئەرک و کاری خۆیانن.

ئەو ژنانەی کە لە ئیدارەکان کاریان کردووە و کار دەکەن تەقریبەن دەتوانین بڵێین سەربازی وونن و کەمتر ناویان لێ دەبردرێ، کەمتر باسیان دەکردرێ و تەنانەت زۆر بە کەمی پیرۆزبایی ڕۆژە تایبەتەکانیشیان پێ دەگوترێ چ وەکوو ڕۆژی پێشمەرگە چ ڕۆژەکانی دیکە چونکە ئەوان خۆیان کەسانێکن کە بە خەڵکی دیکە پیرۆزبایی ئەو ڕۆژانە دەڵێن خەڵکی دیکە بەسەر دەکەنەوە . نەخۆشخانە پڕە لە خاتوونانێک کە لە بەیانیەوە تا ئێواری ئەرکی خۆیان بە جێ دەگەیەنن و کاری تیمارکردنی برینی نەخۆش و دەرمانی پێشمەرگە یان بنەماڵەی پێشمەرگە دەکەن.

لە ڕاگەیاندن خاتوونانێک هەن کە لەوانەیە بۆ پێشمەرگەیەکی نیزامی سەعاتێک نیگابانیەکەی کەفایەت بکا و ئەرکی حیزبی خۆی بەجێ بگەیێنێ بەڵام ئەو خانمەی کە لە ڕاگەیاندنە هەم ئەو سەعاتە نیگابانییەی وەک یەکێک لە ئەرکەکانی بەجێ دەگەیەنێ و هەم ئەوەی کە لەوانەیە لە شەو ڕۆژدا چەند کاتژمێر زیاتر ئیسراحەت نەکات و بەردەوام لە پشتی کۆمپیوتەر و لە پشتی کامێرا و زۆر جاریش پێش کامێرا خەریکی کار و تێپەڕاندنی ئەرکی خۆی بێ.

یەکێک لە نموونەکان کاتە سەختەکانە وەکوو ئەو کاتانەی کە دوژمن بە هاژەک و درۆن هێرش دەکاتە سەر بنکەکانی حیزبی دێموکرات و حیزبەکان ئەوەی کە زۆر ماندوویینەناسانە و بوێرانە هاوڕێ لەگەڵ ستافی ڕاگەیاندن دەچوون و ئەرکی خۆیان بۆ گەیاندنی دەنگی حیزب بە خەڵکی کوردستان و ئێران و جیهان دەگەیاند. یان کاتی نەخۆشی کۆڕۆنا ئەو ژنانەی کە بە چیندین ڕۆژ بوێرانە خزمەتیان بە خەڵکی تووشبوو بەو پەتایە کرد.

بەهەرحاڵ خزمەتی ئەو ژنانە کەتر لە ئەو کەسانەی دیکە نییە. بەشی ڕاگەیاندن و نەخۆشخانە کە بەشێکی زۆریان خاتوونەکانن کە تەنانەت لەماڵ و منداڵی خۆیان، لە ژیانی تاکەکەسی خۆیان، دەگوزەرێن و لەو شوێنانە ئەرکی خۆیان بەجێ دەگەیەنن و کار دەکەن.

ئەو بابەتە تەنیا بە مەبەستی وەبیرهێنانەوە و دەست خۆشی کردن لەو ژنانەیە کە سەربازی ونن و زۆر کەمتر لەوەی کە شایانی ئەوەن باسیان لێدەکردرێ نووسراوە و هیوادارین لەمە زیاتریان بۆ بکردرێ. ئەوە دەستخۆشی لەو ژنانە پێشمەرگانەیە کە هەم ئەرکی پەروەردە کردنی ماڵ و منداڵیان لە ئەستۆیە و هەم خزمەت بە گەل و حیزب بە ئەرکی خۆیان دەزانن.

هیوای سەرکەوتنم بۆ هەموو ئەو خاتوونانە هەیە و بەو هیوایەی کە هەرگیز نێویان لە مێژووی دا ون نەبێ.

**ڕۆژی پێشمەرگەتان باش.**





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کۆتا ماچ و ...



نەسرین یوسفزادە

دوژمنی خوێنمژ لە ٤دەیە دەسەڵاتداری خۆیدا هەر لەو کاتەیەوە کە خومەینی نگریس فتوای هێرشی بۆ سەر کوردستان دا، هەتاکوو ئێستا لە خوێنی کورد تێر نەبوون و خەریکن خوێنی کورد دەخۆن.

ساڵی ١٣٩٧ ڕۆژی ١٧ی خەرمانان سێ لاوی کورد بە ناوەکانی لوقمان و زانیار مرادی و ڕامین حوسین پەنایی لە سێدارە دا و بەوە تێر خوێن نەبوو، بە هاژەک هێرشی کردە سەر قەڵا و فێرگەی دێموکرات کە ئاکامەکەی شەهید بوونی شازدە گوولاڵە سوورە بوو. کە لە ژمارەکانی پێشووی گۆڤاری «ژنان»دا باسمان لەسەر زامدارانی هاژەکبارانی خەرمانانی ٩٧ی هەتاوی کردووە.

چەند ساڵ تێپەڕی و بە خۆشییەوە هاوینی ساڵی ١٤٠١ی هەتاوی دوو لایەنی دێموکرات ماڵی خۆیان کردەوە یەک و ئەوە بوو بە هۆی شایی و شادی و سەمای خەڵکی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تووڕەیی ڕێژیم لەو ڕووداوە مێژووییە.



هەر لەو ساڵەدا و لە ماوەیەکی کورت دا کچێکی کوردی خەڵکی شاری سەقزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە تارانی پێتەخت بە دەستی هێزە سەرکوتکەرەکانی ئەو ڕێژیمە بە بیانووی پۆششەکەی دەگیرێ و دوای چەند سەعات ئەشکەنجە دەکەوێتە کۆماوە و دوای ماوەی چەند ڕۆژ شەهید دەبێ. ئەم کارەی ڕێژیم دەبێتە هۆی ڕق و تووڕەییەکی زۆر لە خەڵکدا و بەتایبەت خەڵکی کوردستان بە هاتنە مەیدان و گوتنەوەی دروشمی جۆرا و جۆر و بەتایبەت هێنانی ناوی حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکان ئەوەندەی دیکەیان قینی ڕێژیم هەستاند و ئەویش بێکار دانەنیشت و بۆ جارێکی دیکە لە ٦ی ڕەزبەری ئەو ساڵەدا دەستی ڕەشی خۆی لە حیزبەکان وەشاند و کۆمەڵێکی دیکە لە خۆشەیسترین ڕۆڵەکانی ئەو گەلە وەک گوڵ هەڵپڕووکان.

یەک لەو گوولاڵە سوورانەی کە ئەو ڕۆژە بوو بە قەقنەس و هەتاهەتایە ناو و یادی لە دڵاندا مایەوە کاک ئەیووب هونەروەر بوو. کاک ئەیووبی لەبەر دڵان، ڕووخۆش، دەم بە پێکەنین و دڵ پڕ لە ئەوینی خاک و نیشتمان ئەو ڕۆژە دانی بەیانی کە ڕێژیم دەستی خۆی وەشاندبوو لە قەڵا ماوە و یارمەتی هاوڕێیانی دەکرد و پڕ بە گەورەیی قەڵا بەشێوەیەک دەنگی بگاتە تەشقی ئاسمان دیگوڕاند و دەیگوت: بژی حیزبی دێموکرات!

دەنگی کاک ئەیووب ئەوەندە بەرز بوو کە دوژمن تاقەتی نەهێنا و دووبارە دەستی کردەوە بە هاویشتنی هاژەک و دڕۆن و نە یەک و نە دوان و نە سیان و بەڵکوو ئەوە بارانی ئاگر بوو بەسەر قەڵادا دەهاتە خوارێ و لەو کاتە دا بوو کە کۆمەڵێکی دیکە لە کادر و پێشمەرگەکان شەهید و بریندار بوون و کاک ئەیووب یەک لە بریندارەکان بوو کە ڕۆژی دواتر واتە ٧ی ڕەزبەر لە نەخۆشخانەی هەولیر لەگەڵ هەوڵ و تێکۆشانی کادری دەرمانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



و پزیشکەکان جەستەی تاقەتی زامە قورسەکانی نەهێنا و ڕووحی بەرزەفڕی بۆ هەتاهەتایە بەرەو ئاسمان فڕی.

ئەوەی کە ناخی زۆرمانی هەژاند کۆتا ماچی دڵدارانەی گەلاوێژی هاوژینی بوو کە وێنەکەی لە سوشیاڵمیدیادا بڵاو ببوە. «گەلاوێژ ئازرەنگ» هاوژین و دڵداری بۆ کۆتا جار ماچی کرد و سوێندی بە خوێنی ڕژاو و زامی جەستەی خوارد کە هەتاهەتایە ببێتە درێژەدەری ڕێبازێک کە بەیەکەوە هەڵیانبژاردووە و ئازایانە و بە ورەیەکی پێشمەرگانە و وەفادار بە خوێنی شەهیدان بێ و دوو یادگارییەکەی لە پاش بەجێماوی بە باشترین شێوە پەروەدە بکا و بیانکا بە چقڵ بۆ چاوی هەموو ئەوانەی دژی پشکووتنی گوڵن.

وەک خۆی باسی دەکا لە نەڵۆسی شنۆی قارەمان دەژیان کە دڵیان دەکەوێتە سەر یەک و دەبنە ئاشق و دڵداری یەکتر و کاک ئەیووب بە دنیانەیک ئەوینەوە دەچیتە داوای دڵدارەکەی، بەڵام نایدەنێ. بۆیە بڕیاری ئەوە دەدەن کە بەیەکەوە بڕۆن و ژیانی پڕ لە خۆشەویستیان دەست پێبکەن.

کاک ئەیووب ماوەی چەندین ساڵ بوو لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چالاکی حیزبی کردبوو، وە تەنانەت چەند جارێکیش بە مەبەستی بوون بە پێشمەرگە بەرەو مەقەڕی حیزبی دێموکرات هاتبوو ، بەڵام بەهۆی تەمەنی کەمی ڕاناگیرێ و دەنێردرێتەوە و لەوێ درێژە بە کارە نیشتمان پەروەرەکانی دەداتەوە و تەنانەت چەندین ساڵیش لە چاڵە ڕەشەکانی کۆماری پەت و سیدارە دەکەوی. چالاکییەکانی کاک ئەیووب بە بەند کردنی لە بەندیخانەکان کۆتایی نایا و بە هۆی کار و تێکۆشانی لە کار و چالاکی حیزبی ئەمجارەیان قاچاغ دەبێ و خۆی دەرباز دەکا و ئەمجارەیان بە یەکجاری دێتە نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات و گەلاوێژی دڵدار و ئەویندار و کۆرپە ساواکەشیان دوای ساڵێک دێنە دەرێ و لەنێو حیزبدا ماڵی ئەویندارانەیان بۆ جارێکی دیکە دادەنینەوە. کاک ئەیووب دەبێتە پێشمەرگە و گەلاوێژ دەبێتە ئەندامی چالاکی حیزب و یەکییەتی ژنان و ماوەیەکی زۆر لە یەکیک لە بنکەکانی حیزب کاری سەرشانەیی دەکا. دوای شەهیدبوونی کاک ئەیووب ڕووخانی خانەی ئەوینیان گەلاوێژ و دوو یادگارییەکەیان بەردەوام بوون لە درێژەدانی ڕێبازی پیرۆزی شەهید ئەیووب و هەموو شەهیدان. ئەوان ڕۆژانە دەچنە سەر گڵکۆی پیرۆزی شەهیدان و هەموو جارێک پەیمان نوێدەکەنەوە و سوێند بە چاوی زامار و خوینی ڕژاوی دەخۆن کە هەردەم چقڵ بن بۆ چاوی ئەوانەی چاویان بەرایی بینینی ئەوینی پێشمەرگانەی ئەوانی نەدا و وەک کوندە پەپوو دژی ڕووناکی وەستان و جوانی و ئەوینیان بۆ هەتاهەتایە لە ماڵی پێشمەرگانەی شەهید ئەیووب و گەلاوێژ پڕ لە تاریکی کرد.

گەلاوێژ ئێستا تەنیا هیوا و ئومێدیکی کە بۆ ژیان هەیەتی یادگارییەکانی بەجێماوی ژیانی دڵدارانەیان، ئارمین و ئارینایە کە ئەوانیش دوای شەهیدبوونی باوکیان نازی باوکیان لێ شێوا و وەک زۆر لە منداڵانی ئەو نیشتمانە بۆ هەتاهەتایە ئاخی بێ باوکیان دڵی هەر کەسێک کە مانای مرۆڤایەتی بزانێ دەهەژێنی.

**چەند تابڵۆیەکی غەمگینە**
**ڕامانم بەدیار وێنەکەت**
**نە کاروانی فرمێسکانم**
**نە هەنیسکی دواگریانم**
**پۆڵای بێدەنگیت ناشکێنن!**
**نە گوێ بیستی دەنگم دەبی و**
**نەدەستم بە دەستت دەگات**
**لەشەرحی حاڵی دڵیشم**
**هەر مەپرسە ...**
**ژینی بێ تۆ**
**کارەساتە ..کارەسات!**

**تریفە فاتیحی**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کورتەیەک لەسەر ژیانی هونەریی «حەمیدە بینەندە»



ن. ئا: تریفه فاتیحی

خانمە شاعیری جوان نووسی نیشتمان خاتوو «حەمیدە بینەندە» هۆنە ، لە ساڵی ١٣٥٤هەتاوی لە شاری سنەی سەربەرز چاوی بە دونیا هەڵێناوە.
لە منالییەوە خولیای خوێندن و نووسین دەبێ، بەڵام بە هۆی هێندێک کێشەو گرفتەوە ناتوانێ زوو دەست بە کار ببێ، دواتر و دوای ساڵانێک دابڕان لە خوێندن دوبارە دەست دەکاتەوە بە خوێندن و قۆناغاکانی خوێندن درێژە پێدەدا تا دەگاتە قۆناغی زانکۆ و لە زانکۆی پەیامی نووری مەریوان بەشی یاسا دەخوێنێ .
سەرەتا بە زمانی فارسی نووسین دەست پێدەکاو بەرهەمەکانی لە پێش ژمارە ڕۆژنامەی ئاویەر لە ساڵانی ٧٠ی هەتاویدا چاپ و بڵاو دەکاتەوە.
لە ساڵی ١٣٩٤ی هەتاوی و لەشاری مەریوان لە ژێر چاودێری مامۆستاگەلێکی وەک « موحەمەدسدیق کەریمی ، ئەیووب حەقبین ، نەرگس حسەینی ، عەتاوڵەدی، عەزیزناسری و ڕەخنەگری بە توانا ئەیووب مەحموودزادە» لە کومیتەی شێعری مەریوان دا بە شێوەی جدی نووسین بە زمانی ڕەوای خۆی دەست پێدەکا.

لە چەندین ئێوارە شێعری ناوخۆی پارێزگا و کرماشان و پاوەدا بەشداری کردووە. ئێوارە شێعرەکانی وەک «ئێوارەی پاییز ، پەلکەدێرەکان ، پلوورەوارانی ڕەنگەکان، دەلاقانە ، لە پەنجەرەی نیوەتاکی بوومەلێڵەوە، سارێژی زامی سەردەشت» بەشداری کردووەو بەرهەمی ئاراستە کردووە.
چەندین وتار و شێعری کوردی لە ڕۆژنامەی سیروان، دەنگی کوردستان، پێنووس و لە مانگنامەی باژێڕی مەریون دا لە چاپ دراوە. جگە لە شێعر کاری وەرگێڕانیش دەکاو ، کۆمەڵێک لە کورتە چیرۆکەکانی « جەلال ئال ئەحمەد»



وەک « بچەی مردم، زن زیادی..» و کورتە چیرۆکی « پیاوە چکۆلەکان بەرهەمی محموود دەوڵەتابادی» .
شێعرگەلێک کە ناخ و هەستی وروژاندووبێ و ژانێکی ژنانەیان تێدا بووبێ لە فاسی بۆ کوردی، لە کوردی بۆ فارسی وەریگێڕاون، چەندین نامیلکە و وتاری ورگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و پێچەوانە، هەروەها کتێبی «مەملەکەتی ئەوین» ی دوکتور عادڵ شێخانی بە هاوکاری خاتوو «نەرگس حسەینی» وەگێڕاوەتەوە سەر زمانی فارسی، چەندین دانە لە جوانکارییە ئەدەبییەکانی وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی.
زۆرینەی شێعرەکانی خاتوو حەمیدە کورتە شێعرەن وەک خۆی وتەنی ئەو چێژەی وشە و ڕستەی کورت پێی ئەبەخشێت لە شێعری بڵند دا بە دی ناکات . وا بیر ئەکاتەوە ڕستەی کورت کاریگەرییەکی زۆرتری لە سەر هزری مرۆڤ هەیە، شایەت بە هۆی ژیانی ئیلیکترونیکی و فەزای مەجازیەوە بێت کەئاوا بیر ئەکاتەوە.
خاتوو حەمیدە ماوەی چەندین ساڵ لە نەخۆشخانەی «بووعەلی » مەریوان و « بێعسەتی » سنەدا لە بەشی منالبوون دا کاری کردووە، ڕەنگە هەر ئەوەش هۆکار بووبێ کە زیاتر بچێتە ناخی ئازارەکانی ژنان چون شێعرەکانی هەڵقوڵاوێکی تەواو لە ئازارکانی ژنانەن.
هەرچەن لە سەر ئەو بروایە کە شێعر زۆر خزەو خۆی نادات بە دەستەوە، بۆ چاپی بەرهەمەکانی دڵی خۆی ڕازی نەدەکرد، بڕێ هۆکار و سرانەوەی زوورینەی بەرهەمەکانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە سەر کامپیوتر و گووشیی موبایلەوە بەو قەناعەتە گەیشتووە کۆی ئەو ئازار و برینانەی کە تا سەرئێسقان هەستی کردوون و ژیانی کردووە لە دڵی شە و ڕستەدا هەڵیرشتووە ببێت بە کتێبک و بڕیارە بە زووترین کات چاپ بکرێ.
هەروەها، کۆی ئەو شێعر و چیرۆکانەی کە وەرگێڕانی بۆ کردوون لە دوو کتێبدا ئامادەی چاپن.
هیوای سەرکەوتن بۆخاتوو حەمیدە بینەندە و هەموو شاعیرانی دەروەستی نیشتمانمان.

# سێو نامرێ!

_ لە خەونی درختیما
بە ڕەچەڵەک دایە سێوم!
کاتێ ڕەگی دارستان لە شیلەی کچێنیم ئالا،
چرۆی داوێن و لق و پۆ،
لە زیقە زیقی دایە سێوەیی دەشنا و
تکای پەنجەی تاو،
لە حەرامی جەستە ...

لە کام وەرزدا
باخمان بە جێ هێشت؟
وا پەیڤەکان بەرەو گوڵهەنار نادوێ!!
لە توخمی کام باران،
تکایە داوێنی ژنیەتی؟
کە دەست ناگات بە ئاسمانی باڵا!!

دەرژێمە ئایەتی بیرەوەری!
دەبم بە ڕەوایەتێ لە خاک و دەسپێکی «حەوا»یی...
دەلکێم بە مێژووی ئۆستوورەکان و خولقاندنی ساتە سامناک و دڵتەنگەکانی جووت بوون.
ئەو ساتانەی،
دەنگی من و جریوەی پاساری ڕەگی مناڵدان،
بەرەو چێژی هیچ « ئادەم» ێک نافڕێ!!
دەئاڵێم بە حونجەی خوێنێکەوە،
لە دووم دەکشێ و هەنگاوەکان بەرەو مۆری« ژنێکی تەواو»...
ئەو دەمانەی، قەرزە ماچێ ئەدرێت لە بەرۆکی پەنجەرە و
ناکرێ شفای ئەژنۆی سڕی دایکی لە تاڵی تاو بپرسم!
ناکرێ گەنم و جۆی سەرپۆش،
لوول بدرێت لە گەنمجاڕی سەربەستی!


ناوێرم بێزگی دایکیم،
لە بەر پێست هەڵکۆڵم و
برینەی هیواکان لە کپ کراوەیی کچ بوون بسڕمەوە!

بێزگی دایکم کوڕانە بوو و من
تاااا
هەمیشەی بوون « ژن»!!

لە مێژە من و دایە سێو،
دوو وشەی بڤە و هاوبەشین..
دوو درزی هاوشێوە!
ئاساییە،
پێکەنین بلیتی مەرگ بەتاڵ ئەکاتەوە،
ئەگینا، لە مێژە مردووم و خاک لە سەر گۆڕم بێدەنگ نووستووە و
سێوەکان خەو بە دایەگەورەمەوە ئەبینن!
من،
بە دایە گەورەما ئەزانم
سێو نامرێ!

هۆنە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# (پەتی نامووس)

کەس نەبوو تاکوو ببینێ دەستی چۆن ڕووخا بەسەرما
چۆن دەری هێنام لە شادی، شێعری چۆن دووری بە بەرما

لێی شکاندووم قامەتی هەرچی کە مافم بوو بەیاسای
دەک نەمێنێ سێبەری دین وا پەتی نامووسی هەرما

هێندە کوژراوم بە دەستی هەر شەلاڵی خوێنە جەستەم
بۆ برینی زامەکانم باوەشیشی پێم نەپەرما

حەز بە مەستی گەر بکا بولبوول بە ئاونگی شنەی دار
لێو دەبا تا سەردەمی گوڵ، نایشکێنێ قەت لە شەرما

بۆ دەبێ یەخسیری شەو بێ ئەو هەتاوەی تین دەبەخشێ!؟
کێ وەکوو خۆر لای دەبا تاریکی کۆساران بەگەرما؟

دەی هەتا کەی موڵکی تۆ بن، یەک لە دوای یەک ببنە تاوان
بسکی خاو و ڕوومەتی گەش،لێوی ئاڵم پڕ کەسەر ما

من نەبێ کێ دایدڕێ تاج و کراسی بیری کۆنە
بۆ بەشی مەردانەییت چی بەڵگە بوو وا بێئەسەرما


سورییا ڕەحیمی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جیهانی گوڵەکان

# سوودەکانی پوونگە و شمڵی



جیهان بێتووشی





کاتێک لە ماڵەکەی خوماندا گوڵ و گیای بەهارانمان هەبێت دەتوانین ڕێگری بکەین لە زور نەخۆشی. چونکە کوردستان یەکێکە لەو ولاَتانی خاونی زۆر ڕووەکی بەهاری کە نمونەیەک لەو ڕووەکانە «شمڵی»یە کە زۆر جار بە «زبری» ناودەبن چونکە سودیکی زۆری هەیە بەلاَم دەبێت ئەوشمان لە یادنەچێت کە بی زیانیش نییە.

## سوودەکانی شمڵی

١. ئەو کەسانەی کە کێشەی میزکردنیان هەیە دەتوانن شمڵی بکوڵێنن و ئاوەکەی بخۆنەوە سودی لێ دبینن

٢. بۆ ئەو ژنانەی کە کیشەی هێلکەدانیان هەیە یان سووری مانگانە دەتوانن کەوچکێک شمڵی هاڕدراو لەگەڵ هەنگوین تیکەڵ بکەن و بیخۆنەوە

## زیانە کانی شمڵی

١. زۆر خواردنی بە مەبەستی قەڵەو بوون هورمۆنی شیر زیاد دەکن.

٢. خانمانی دووگیان وا باشترە نەیخۆن چونکە زیانی هەیە بۆ کورپەکەیان

٣. مندال لە خوار چوار ساڵ باش نییە بیخوا

٤. ئەو کەسانەی کە حەبی ئاسپرین بەکار دێنن نابێ بیخون شمڵی دکریتە نێو نان تام و بۆنێکی خۆشی پێدەبەخشێت.

## پوونگە

پوونگە کە پوونەشی پێ دەڵێن هەم لە ئاو و هەم لە وێشکانی هەیە چەندین جۆری هەیە کە بۆنێکی خۆشی هەیە و بۆ زۆر مەبەست بەکار دێت. پوونگە لە زۆر ناوچەی کوردستان بۆ خواردەمەنی بەکار دێت. یان وشک دکرێت و بۆ مەبەستی بۆن خۆشی و تام لە زۆر خواردەمەنی دکریت. لێرە دا من دەمەوێت باس لە سودەکانی ئەو ڕووەکە بەسوودە بکەم

١. بۆ ئەو کەسانەی سستی گەدە یان ڕیخوڵەیان هەیە بەکاردێت کەوەچکێک چایی دەمی کەی و بیخونەوە

٢. بۆ ئەو کەسانەی کە برینی ناودەمیان هەیە دەیکولێنن و بە ئاوەکەی غەرغەرێ پێ دەکەن دەتوانێ چارەسەرێکی باش بێت.

٣. پوونگە دژەباکتریا و دژەڤایرۆسە و سەوزەیەکی نایابە بۆ کوشتنی میکرۆب و ڤایروسەکان

٤. دەتوانێت کرمی مەعیدە بکوژێت و سودی هەبێت

٥. دەتوانەشی بکرێتەوە تامێکی نایاب بە خواردەمەنی و بەکار دێت یان وشک دەکرێت و بۆ مەبەستی بۆن خۆشی و تام لە زۆر خواردەمەنی دەکرت.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org